مارکسیزم و تیۆری ئەدەب.. نووسینی : نەسرۆ ماملێ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)

مارکسیزم فەلسەفەی ماتریالیستە کە تەکشا جیهان لەسەر بنەمای جیهانی کۆنکرێتی و سروشتی دەوروبەرمان و ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین؛ لێکبداتەوە. دژایەتی فەلسەفەی ئایدیالیستە کە جیهانێکی ڕۆحیی لە شوێنێکی تر چەمکساز دەکات کە کاریگەری لەسەر جیهانی ماددی هەیە و کۆنترۆڵی دەکات. بە جۆرێک هەوڵیدا بیرکردنەوەی خەڵک بخاتە ناو گۆشەکی پێچەوانەوە چونکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبوو لەگەڵ ئەو فەلسەفانەی کە پێش خۆی هاتبوون. خودی کارل مارکس لە سەر ئەم سروشتە شڕۆشگێڕانەی مارکسیزم سەرنجی داوە و دەڵێت : (فەیلەسوفەکان تەنیا بە شێوازی جۆراوجۆر دونیایان لێکداوەتەوە؛ گرنگ ئەوەیە کە بیگۆڕین). ئاستە لە کاتێکدا فەلسەفەکانی تر هەوڵیان دەدا لە جیهان تێبگەن، مارکسیزمیش هەوڵی گۆڕینی دەدا.

مارکسیزمی کلاسیک: بنەما بنەڕەتییەکان

بە بۆای مارکسیزم کۆمەڵگە لە ڕۆگەی ململانێی نێوان هێزە دژبەیەکەکانەوە بەرەوپێش دەچێت. هەر ئەم ململانێیەی نێوان چینە دژبەرەکانە کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و مێژووش لە ڕۆگەی ئەم خەباتە چینایەتییەوە بەرەوپێش دەچێت. خەباتی چینایەتی بەدرێژایی مێژوو لە چەوسانەوەی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت. لە سەردەمی فیداڵیدا گرژی لە نێوان فیوداڵەکان و جووتیاراندا بووە و لە سەردەمی پیشەسازیدا ململانێ لە نێوان چینی سەرمایەداری (بۆرژوازی) و چینی کرێکاری پیشەسازی (پرۆلیتاریا) بووە. چینەکان بۆرژۆوازی گشتییان هەیە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا پرۆلیتاریا هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ چینی سەرمایەداری. ئەم ڕووبەووبوونەوەیە، بە بۆای مارکس، دواجار دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستەم بە سۆشیالیزم.

چەمکێکی گرنگی دیکە کە مارکس بەکاری هێنا، دیالێکتیک بوو کە لە سەرەتادا لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی هەژدە (هیگڵ)ەوە پەرەی پێدرا. هیگڵ فەیلەسوفێکی ئایدیالیست بوو کە ئەم دەستواژەیەی بەکارهێنا بۆ ئاماژەدان بوو بە پرۆسەی سەرهەڵدانی بیرکەی نوێ لە ڕۆگەی ڕووبەووبوونەوەی بیرکە دژ بەیەکەکان. ئەو پێیوابوو جیهان

بە فیکر بەرەو دۆچێت و بوونی ماددی گوزارشت لە جۆهەرێکی ڕاحی ناماددییە. بەڵام مارکس هەمان چەمکی بەکارهێنا بۆ لێکدانەوەی پێشکەوتنی جیهانی ماددی. بۆ ئای مارکس هیگڵ جیهانی لنگەوقووچ کردەوە بۆ پێدانی پلە یەک بە بیرکەرەکان لە کاتێکدا هەوڵی مارکس پێچەوانەکردنەوەی بوو. لەبەرئەوەی دیالێکتیکی مارکس بۆ ماتریالیزمی دیالکتیک ناسراوە، مارکس دەیوت هەموو سیستەمە فیکرییەکان(ئایدەلۆژییەکان) بەرهەمی بوونی ئاستێقینەی کۆمەڵایەتی و ئابووڕین. بۆ نموونە سیستەمی یاسایی ڕێنگدانەوەی بەرژەوەندی چینی باڵادەستە لە قۆناغێ مێژوویی تایبەتکاندا نەک دەرکەوتنی عەقڵی ئیلاهی. دیالێکتیکی مارکسیستی دەکرێ وەک زانستی یاسا گشتی و ئۆبستراکتکانی گۆشەسێندنی سروشت و کۆمەڵگێ و بیرکردنەوە تێبگەین کە گەردوون بە کۆیەکی دانەبڕاو دەزانێت کە تێیدا شتەکان وابەستەی یەکترن، نەک تەکەڵەیەک لە شتە دابڕاوەکان لە یەکتر. هەموو شتەکان لەناو خۆیاندا دژایەتی دیالێکتیکی ناوخۆیی لەخۆدەگرن، کە هەکاری سەرەکی جووڵە و گەشانکاری و گۆشەسێندنن لە جیهاندا. ماتریالیزمی دیالکتیکی ئامرازێکی کاریگەر بوو بۆ دەستی مارکسیستەکان لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پشت پرسە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووتی گۆشەسێندنی داهاتوویان.

یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی تێوانینی مارکسیستی کلاسیک چەمکی ژێرخان و سەرخانە کە ئاماژەن بۆ پێوەندی نێوان ئامرازە ماددییەکانی بەرهەمهێنان و جیهانی کلتووری هونەر و بیرکەرەکان، کە لە بنەڕەتدا چەمکگەلێکی ڕەمزیین و پێکهاتەی ستراکتۆریان بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پێوەندییە. ژێرخان بەمانای پێوەندییە کۆمەڵایەتی- ئابووریەکان و شێوازی بەرهەمهێنان و سەرخانیش بەمانای هونەر، یاسا، سیاسەت، ئایین و لە سەرووی هەموویانەوە بەمانای ئایدەلۆژیا. بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاماژەیە بۆ ئەو بیرکەرەیەی کە کلتوور بە بارودۆخی مێژوویی و پێوەندییەکانی باڵادەستی و ژێردەستەیی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا باون، بەرهەمدەچێت. ئەخلاق، ئایین، هونەر و فەلسەفە وەک دەنگدانەوەی پرسەکانی ژیانی ئاستەقینە سەیر دەکرێن. بە وتەی کارێ مارکس خۆی (تارمایی یان خەون و لە مشکی مرۆڤکاندا دروست دەبن). لەم ڕوانگەیەوە هەموو بەرهەمێ کلتووریەکان پێوەندی ئاستەوخۆیان بە ژێرخانی ئابووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە.
دەسیەی ڕەمانکانی مولک ئاج ئاناند وێربگرێ کە باس لە ژیانی دەست لێنەدراوەکان و کولیەکان(١) و کرێکارێ ئاسایەکان دەکەن کە لە

پەناو ماف و خەباتگۆرانیی خەیان خەبات دەکەن. ئاستە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ململانێ چینایەتییەی کە لە کۆمەڵگەی هیندستاندا باو بووە. ئەم تی ڤاسودەڤان نایر، کۆمانووسکی بەناوبانگی مالایالم، لەبارەی تەکچوونی تاراڤادی فیدالی لە کیرالا نووسیویەتی. بەڵام لەدوا شیکردنەوەدا چیرۆکانی فلتەرکردنی مەدەرنیتەی بەرژوازین لە کۆمەڵگەی کیرالا و چۆنیەتی چوونە ناو پەیوەندییەکی ناکۆکی لەگەڵ بەهاکانی فیدالیزمدا ئاشکرا دەکەن. بەم شێوەیە دەتوانرێت شەنەواری ئەم پەیوەندییە لە فەرمە جەراوجەرەکانی بەرهەمهێنانی کلتووریدا دەستنیشان بکرێت.

یالیزمی سۆشیالیستی

یالیزمی سۆشیالیستی وەک بنەمای جوانیناسی فەرمی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی نوێ شکڵی گرت. بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئیستاتیکا و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی سەدەی نۆزدەهەمەوە شکڵ و شێوەی پێدرا. ئیمەند ویلیامز سێ بنەما وەک بنەما دامەزرێنەرەکانی یالیزمی سۆشیالیستی دەستنیشان دەکات. ئەوان پارتینەست یان پابەندبوون بە دەزی چینی کرێکاری حیزب، نارەدنەستی جەماوەری و کلاسۆڤس یان پابەندبوونی نووسەر بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. بیرکەی پارتینەست لەسەر بنەمای وتارەکەی ڤلادمیر لینین، ئەکخستنی حیزبی و ئەدەبی حیزبی (۱۹۰۵) دامەزراوە کە پابەندبوونی نووسەر بە ئامانجی حیزب بە ڕزگارکردنی چینی کرێکار لە چەوسانەوە دووپات دەکاتەوە. نارەدنەست ئاماژەیە بە سادەیی باوی بەرهەمی هونەری. مارکس لە کتێبی دەستنووسکانی پاریسدا ئاماژە بە ئەو نامۆبوونەی کە لە جیابوونەوەی عەقڵی و جەستەیی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا سەرچاوە دەگرێت، دەکات. پەشتر لە ژێر سیستەمی فیدالیزمدا ئەو کرێکارانەی کە سەروکاریان لەگەڵ پیشەسازی بەرهەمهێنانی پەنیردا هەبوو، گەلە شتومەکی جەراوجەر یتریان بە خەیان بەرهەم دەهێنا، کە هەموو چالاکییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانەکە لە هەمان شوێن لە ژێر چاودێری هەمان خەڵکدا ئەنجام دەدران. بەڵام لە ژێر سیستەمی سەرمایەداریدا کرێکاران کەنترۆڵی بەرهەمەکانی بەشە جەراوجەرەکانیان لەپرسەی بەرهەمهێنان لەدەستداوە و لە کارەکانی خەیاندا هەستییان بە نامۆ بوون کردووە. بەیە تەنها هونەری میللیی وەک هونەری خەڵک مایەوە. چەمکی نارەدنەست ئەم کوالیتییەی هونەری باو دووپات دەکاتەوە کە جەماوەر بە ئاسانی دەستی پێدا دەگات و خوازیاری گەیانەوەی کەی بوونی لەدەستچوویانە. کلاسۆڤسیش ئاماژەیە بە پابەندبوونی نووسەر بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار. پەیوەندی بە جیهەتگیریی ئاشکرای نووسەرەکەوە نییە بە چینێکی

دیاریکراو بۆکو پێوەندی بە توانای سروشتی نووسەرەوە هەیە بە وەناکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

بە نموونە، بەڵزاک، لایەنگری شانشینی بوربۆن، لە هەموو مژوونووسەکان زیرەکتر باسکی دزێپکەری کۆمەڵگای فەرەنسی دەخاتە ڕوو. هەرچەندە تێستەی، ڕۆمانووسی ڕووسی، سەر بە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکرات بوو و هیچ پێوەندییەکی بە بزووتنەوە شۆشگێڕییەکانی ڕووسیا نەبوو، بەڵام لینین تێستەی بە ئاوەنای شۆشی ڕووسیا ناوبرد، چونکە لێکدانەوەی ڕۆمانکانییەوە سەرکەوتوو بوو لە ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگای ڕووسیادا کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆشەکە. هەوڵستی لینین سەبارەت بە هونەر و ئەدەب لە هەوڵستی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس تووندتر بوو. ئەو دێگوت ئەدەب دەبێت ببێتە ئامرازی حیزب. لە کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤیەتدا لە ساڵی ١٩٣٤دا، ڕیالیزمی سۆسیالیستی وەک بنەمای ئیستاتیکی فەرمی یەکێتیی سۆڤیەت قبووڵکرا. وەک دەگمایەکیش لێڵایەن کۆمۆنیستەکانی سەرتاسەری جیهانەوە پەیڕەوکرا.

بەم شێوەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەتی ئەدەبی فەرمی لێڵایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە، "هەڵی مۆسکۆ"(٢) بەناوبانگ بوو و لە نێو کۆمۆنیستەکاندا قبووڵکردنی نێونەتەوەیی بەدەستهێنا. لە ئەنجامدا پێوەندی ڕاستەوخۆی (هێ – ئەنجام)ی نێوان ئەدەب و ئابووری لەگەڵ هەموو ئەو نووسەرانەی لە سنووری فیکری پەگەی چینایەتی خۆیاندا گیریان خواردبوو، گرێمانە کرا. یەکێک لە نموونەکانی ئەم ڕەخنە ئەدەبییە بەڕەحمانە مارکسیستییە، وەهم و واقیعە کە لە نووسینی کریستوفر کادوێڵ. هەرچەندە دامەزراندنی پێوەندییەکی یەک بە یەک لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا وەک ئەوەی ڕەنگە هەندێک لە "مارکسیستە دەستوپە سپییەکان" هەوڵی بە بەدەن، لێڵایەن ڕەخنەگری مارکسیست، تێری ئیگلتنەوە دژایەتی دەکرێت. بە بەوای تێری ئیگلتن، "هەر تێوخمێکی سەرخان، هونەر، یاسا، سیاسەت و ئایینی هەر کۆمەڵگەیەک، خەرایی گۆشەسەندنی تایبەت بەخۆی و پەرەسەندنی ناوخۆیی خۆی هەیە، کە کورتناکرێتەوە بە تەنها دەربڕینێکی خەباتی چینایەتی یان دەخی ئابووری." بەڕای مارکسیستە کلاسیکییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە دوا شیکردنەوەدا سەرخان بەو شێوازی بەرهەمهێنانە دیاری دەکرێت. ڕەخنەگری مارکسیستی هەنگاری جۆرج لوکاش نوێنەرایەتی ئەم جۆرە ئەرێدەکسییە سیاسییەی دەکرد. لوکاش خەیاڵی ڕیالیستی سەدەی نۆزدەهەمی وەک مۆدێلێک دەبینی و پێی وابوو کە بەرهەمێکی ڕیالیستی دەبێت نەخشەی بنەڕەتی دژایەتییەکان لە

سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا ئاشکرا بکات. دیبەیتەکەی لەگەڵ بەرتەڵت بڕشت لەسەر کەی پرسیارەکانی ڕیالیزم و گوزارشتخوازی بە وردی باسی گرنگی فۆرم و چەمکی فۆرمی لە ڕەخنەی مارکسیستیدا کرد. دیبەیتەکە ڕادەستی فۆرمالیستەکان کرا کە ئاراستەی نوێیان لە پڕۆبلەمی ڕەخنەی مارکسیزمدا پێبەخشی.

پێشکەوتنی زیاتر لە ئیستاتیکای مارکسیستیدا

ڕەخنەی مارکسیستی لە دەرەوەی هەڵەی فۆرمی لە وڵاتانی جەراوجۆری ئەوروپادا گەشەی کرد. فۆرمالیزمی ڕووسی (٣) وەک ڕەوانگەیەکی نوێ سەریهەڵدا کە مارکسیزم لە ساڵانی ١٩٢٠دا شۆڕەی پێدابوو. بەهەی ئەوەی لەگەڵ دیدگای تیۆری فۆرمی حزبدا نەگونجا، لەلایەن حزبی شیوعییەوە هەڵوەشایەوە. ئەندامانی دیاری ئەم گرووپە بریتی بوون لە ڤیکتەر شکلۆڤسکی، بۆریس تەماشۆڤسکی و بۆریس ئایچنباوم، کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەکانیان لە کتێبی ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسی لەمیانی چوار وتاردا بڵاوکردەوە، کە لەلایەن لی تی لیمەن و ماریون جەی ڕیسەوە سەرپەرشتی کراوە.

هەرچەندە فۆرمالیستەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا سەرکوت کران، بەڵام بە شێوەی جەراوجۆر لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و پراگ سەریان هەڵدایەوە. یەکێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە، میخائیل باختین لە یەکێتیی سۆڤیەت مایەوە و درێژەی بە پراکتیزەکردنی ڕەخنەیی خۆی دا. چەمکی دیالۆگیزمی ئەو فرەیی و جەراوجۆڕی دووپات دەکردەوە. ئارگومێنتەک بوو دژی هەژموونی کۆنترۆڵی ڕەها‌ی نووسەر. پێویستی ڕاچاوکردنی ئەوانی دیکە و ئەویتربوونی دووپاتکردەوە. بە جۆرێک ئارگومێنتەک بوو دژ بە زیادبوونی یەکسان کردنی ژیانی کلتووری و سیاسی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا.

زۆر کەسی دیکە کە سەر بە هەمان ڕەوانگە بوون، چوونە دەرەوە و لە دەرەوەی وڵات درێژەیان بە کارەکانیاندا، کە سەرەتای فۆرمێکی نوێی ڕەخنەی مارکسیستی بوو. ڕەمان جاکەبسۆن لەگەڵ ڕێنی ویلێک و چەند کەسێکی دیکەدا حەلقەی زمانەوانی پراگیان دامەزراند. (٤) لە ئەڵمانیا قوتابخانەی ئیستاتیکای مارکسیستی فرانکفۆرت لە ساڵی ١٩٢٣ وەک دامەزراوەیەکی توێژینەوەی سیاسی پەیوەست بە زانکۆی فرانکفۆرت دامەزراوە. (٣) واڵتەر بنیامین، تیەدۆر ئادۆرنۆ و هەربەرت مارکوزە هەندێک لەو کەسایەتییە گرنگانە بوون کە پەیوەست بوون بەم قوتابخانەیە. هەوڵیاندا لایەنەکانی فۆرماڵیزم لەگەڵ تیۆرییەکانی مارکس و فرۆید تێکەڵ بکەن. بە یەکەمجار لێکۆڵینەوەیان لەسەر کلتوور و پەیوەندیی جەماوەری و ڕۆڵی ئەوان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەریدا ئەنجامدا. هەروەها

قوتابخانەی فرانکفۆرت یەکێک لە یەکەمین مۆدێلەکانی لێکۆڵینەوەیەکی کلتووری ڕەخنەیی دروستکرد کە پرسەکانی بەرهەمهێنانی کلتووری و ئابووری سیاسەتی دەقە کلتووریەکان و پشتوازیکردن و بەکارهێنانی شێوازە کلتووریەکانی بینەر، شیدەکاتەوە.

بیرمەندانی مارکسیستی وەک والتەر بنیامین و بەرتۆڵد برێشت هونەریان وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دەبینی. وتارێکی والتەر بنیامین، نووسەر وەک بەرهەمهێنەر (١٩٣٤) باس لەم پرسیارە دەکات، "پلەگەی بەرهەمی ئەدەبی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەردەمی خۆیدا چییە؟" بنیامین هەوڵدەدات باسەت بەرهەمهێنانی هونەری پشت بە هەندێک تەکنیکی بەرهەمهێنان دەبەستێت کە بشێکن لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی هونەر وەک بەناوکردنەوە و پشکێشکردنی شانۆیی و هتد. هونەرمەندی شێشگەر نابێ بە بە ڕەخنەی هێزەکانی وجود بەرهەمهێنانی هونەری قبوڵ بکات، بەڵکو پێویستە ئەو هێزانە پەڕەی پێبدات و شێشیان بە بەرپا بکات. هونەرمەندی شێشگەر یارمەتیدەرە لە دروستکردنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی نوێ لە نێوان هونەرمەند و بینەردا. لەم پرسەیدا نووسەر و خوێنەر و بینەر دەبنە هاوکاری یەکتر. شانۆی ئەزموونگەریش کە برێشت پەڕەی پێداوە، وەدیهێنانی چەمکی بنیامینە.

بەرتۆڵت برێشت، هاوڕێی نزیکی بنیامین، چەمکی شانۆی مۆلحەمی پەڕەپێدا کە شانۆی تراديسیۆنی سروشتخوازی هەڵوەشاندەوە و جۆرێکی نوێی شانۆی بەرهەمهێنا کە پەیوەندییە کارایەکانی نێوان شانۆ و بینەر، دەق و بەرهەمهێنەر و بەرهەمهێنەر و ئێکتەر دەگۆڕێت. شانۆی بەرژوازی لەسەر بنەمای وەهمگەرایی دامەزراوە. بینەر بەکاربەرێکی پاسیڤیستە. شانۆنامەکە هانیان نادات بە بیرکردنەوەی بنیاتنەرانە. بە بەوای برێشت ئەمە لەسەر ئەو گریمانە دامەزراوە کە جیهان جێگیر و بەخشراو و نەگۆڕ و ئەرکی هونەر دابینکردنی خۆشیەکی خۆشخۆیانەیە. بەشداری بێناوبانگی برێشت کاریگەری نامێبوونە. تەکنیکەکە بریتییە لە نامۆکردنی بینەران لە نمایشەکە و ڕاگریکردن لە یەکسانبوونیان لە ڕووی سەزداریەوە لەگەڵ شانۆنامەکەدا. ئەزموونی زانراو لە ڕووناکییەکی نێناسراودا دەخاتە ڕوو کە بینەر ناچار دەکات پرسیار لەو هەڵوەستانە بکات کە بە سروشتی و نەگۆڕ دادەنرا. برێشت تەکنیکەکانی وەکو نیشاندانی وێنە و فیلم لە پشتەوە، گێرانی سەما و بێین و تێکدانی ئاکشن لە بری سازانێکی جوان بەدەستەوە دەگرێت.

بیرمەندی مارکسیستی فەرەنسی، لویس ئالتھوسەر زیاتر پەرەی بە بابەتی مارکسیستیدا لە ڕوانگەی هەنانەکایی چەمکە جەراوجێرەکانی وەکو زیادە دیاریکردن، ئایدیۆلۆژیا و.. هتد. چەمکی زیادە دیاریکردن ئاماژەیە بە کاریگەرییەک کە لە هەکاری جەراوجێرەوە سەرهەڵدەدات نەک لە یەک هەکارەوە. ئەم چەمکە؛ بنکەڵکردنکی سادەی بیرۆای گشتی و گونجاندنی یەک بە یەکی نەوان ژێرخان و سەرخاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئایدیۆلۆژیا زاراوەیەکی دیکەیە کە لایەن ئەلتوسەرەوە دەستکاری کراوە. بە بۆای ئالتھوسەر ئایدیۆلۆژیا سیستەمی نوێنەرایەتییە کە بەخشراوە بە بوونەک و ڕەهەندکی مێژووییی لە دەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. واقیعی کۆمەڵایەتی بە سروشتیکردنی بیروباوەڕەکان و بە بەرەوپێشبردنی بەهاکان کە پشتیوانی لێدەکەن، تەومژاوی دەکات. کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی یاسا و کتێبی قوتابخانە و ڕۆژنامەوانی و نەرمەکانی ئایینیەوە ئایدیۆلۆژیا بەاودەکاتەوە بەجۆرێک کە خەڵک تێنانێت بە بێ ئاگاداری خەیشیان وەک ئاو دەیخۆنەوە. ئایدیۆلۆژیا لایەن دەوڵەتەوە لە ڕوانگەی دوو ئامێرەوە دامەزراوە، ئامێری دەوڵەتی سەرکوتکەر؛ کە دادگاکانی یاسا، زیندان، پۆلیس، سوپا و هتد لەخۆدەگرێت و ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیش کە قوتابخانەکان، میدیاکان، کڵێساکان، خێزان، هونەر و هتد لەخۆدەگرێت. ئالتھوسەر بونیادگەرایی هەناینە ئاو مارکسیزمەوە. لە ڕوانگەی ئالتھوسەرەوە کۆمەڵگە کەی پێکهاتەیەکە کە تاادیەک لە ئاستە سەربەخۆکان پێکهاتووە وەک یاسایی، سیاسی و کلتووری کە شەوازی پێکەوە بەستانیان تەنیا لایەن ئابووریەوە دیاری دەکرێت.

دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، ئانتۆنیۆ گرامشی سیاسەتمەدار، تیۆریستکی سیاسی، زمانزان و فیلۆسوف بوو. گرامشی لە نێو بیرمەندانی مارکسیستیدا بە بیرمەندکی ڕەسەن ناسراوە، چەمکەکانی وەک هێژموون و ژێردەستەیی ناساندووە. هێژموون بریتییە لە زاڵبوون بەسەر تۆڕە تایبەتەکانی کۆمەڵگەدا لایەن چینە زلهێزەکانەوە. زۆربەی کات لە ڕوانگەی ڕەزامەندییەوە کاردەکات نەک بە هێزەوە. سەرکردایەتی ئەخلاقی و فیکری چینی باادەستە لە کۆمەڵگەیکی دیاریکراودا. زاراوەی ژێردەستە لەسەرەتادا لایەن گرامشی وەک وەسفکی بەکۆمەڵ بە چەندین گروپی جیاواز و چەوساوە کە هەشیاری چینایەتییان نییە، بەکارهێناوە. بەڵام ئەستا بە نوێنەرایەتیکردنی هەموو چینە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە وەک بەزراوەکان، ژنان، کەمینەکان و هتد بەکاردەهێنرێت.

کۆمایەتییەکی کاریگەر لە نێو بزووتنەوەی چەپی نوێدا ڕێمەند

ویلیامز بوو. نووسینەکانی لەسەر سیاسەت، هۆشنبیری، ماسمیدیا ئەدەب، بۆشداریەکی بەرچاون لە هۆخنەی مارکسیستی لە بوارەکانی هۆشنبیری و هونەردا. ویلیامز حەزی لە پەیوەندی نەوان زمان و ئەدەب و کۆمەڵگە بوو. ئەو میتۆدی هۆخنەیی داهێناوە، ماتریالیزمی کلتووری کە چوار تایبەتمەندی هەیە، سیاقی مێژوویی، میتۆدی تیۆری، سیاسی – پابەندبوون و شیکاری دۆق. ماتریالیزمی کلتووری دیدگای جیاوازمان پێدەبەخشێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە چی هەڵدەبژێرین بۆ خوێندنەوەی ئابردوودا.
ماتریالیزمی کلتووری؛ پێیوایە کلتوور پێشکەوتنکی کۆمەڵایەتی پێکهێنەرە کە چالاکانە شێوازی ژیانی جیاواز دادەهێنێت. بە هەمان شێوە دروستکردنی مانا وەک چالاکییەکی ماددی پراکتیکی سەیر دەکرێت کە ناتوانرێت بخرێتە ئاستەکی لاوەکی. چەمکەکی گرنگی دیکە لە بیرکردنەوەی ویلیامزدا بریتییە لە پێکهاتەکانی هەست. ئەوان بەهاگەلێکن کە لە کاتی ژیان و کاردانەوەمان بەرامبەر بە جیهانی ماددی دەوروبەرمان دەگۆڕێن و دروست دەبن و هەمیشە لەژێر هەڕەشەی گۆڕانکاریدان. ویلیامز لە هێگەی لەکۆینەوەکانییەوە لەسەر کلتوور بۆشداریەکی زۆری لە پەرەپێدانی ئیستاتیکای مارکسیستدا کردووە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە وشە و شار کە ساڵی (١٩٧٣) کە تێیدا چەند بابەتکی تایبەت بە ئەدەب گۆڕاون بە بابەتکانی مێژووی کۆمەڵایەتیدا. ولیامز زۆر بچێی مارکسیزم و ئەدەبی لەساڵی (١٩٧٧) نووسی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە پسپۆڕانە، بەڵام هەروەها هێبازێک بە خۆی بە لەکۆینەوە کلتووریەکان ساز دەکات کە ناوی لەدەنت ماتریالیزمی کلتووری.

فرەدریک جەیمسۆن، هۆشنبیرەکی مارکسیستی ئەمریکی، سەرنجی لەسەر تیۆری هۆخنەیی بوو و کاریگەری کینەس بۆرک، جۆرج لوکاش، ئەرنست بلۆخ، تیەدۆر ئادۆرنۆ , قوتابخانەی فرانکفۆرت، لویس ئاڵتۆسێر و سارتۆری لەسەر بووە. ئەو هۆخنەی کلتووری وەک تایبەتمەندییەکی دانەبەاو لە تیۆری مارکسیزمدا دەبینێت. ئەم هەوڵستە نوێنەرایەتی پچڕانێک دەکرد لەگەڵ مارکسیزمی ئەرسەدەکس کە هاوکێشەکی تۆسکی بە ماتریالیزمی مێژووییەوە هەبوو. لە هەندێک هاوەڵ جەیمسن لەگەڵ هۆخنەگرانی کلتووری مارکسیستی دیکەی وەک تۆری ئیگلتۆن خەمی ئەوە بوو کە پەیوەندی مارکسیزم لە هۆزگرتن لە هۆوتە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئەستادا بخاتەوو. جەیمسۆن لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارە دەرچووەکانی لە زانکۆی کالیفۆرنیا، گروپی ئەدەبی مارکسیستی دامەزراندوو. (٦) بەرهەمە سەرەکییەکانی بریتین لە مارکسیزم و فۆرم: تیۆرییە دیالکتیکییەکانی سەدەی بیستەمی

ئەدەب (١٩٧١) و مانای زیندان مانی زمان باسکی تێخنیی لە بونیادگەری و فەرمانیزمی ڕووسی (١٩٧٢). مۆزوو هاتە سەر ئەوەی کە تا دێت تێکی سەرکی لە لێکدانەوەی جێمسێندا بە هەردوو خوێندنەوە (بکارهێنان) و نووسین (بەرهەمهێنان)ی دەقە ئەدەبییەکان بگۆڕێت. جێمسێن پابەندبوونی تەواوی خۆی بە فەلسەفەی هیگڵی- مارکسیستی بە بەکاوکردنەوەی کتێبی نائاگایی سیاسی: گۆڵانەوە وەک کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەمادار (١٩٨١) دیاری کرد، کە دروشمی سەرەتایی "هەمیشە مۆزووکردن"ە.

جگە لە جێمسێن، تێخنگرانی مارکسیستی هاوچەرخ وەک تەری ئیگلتۆن، پرۆفیسەری ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی لانکستەر لە ئینگلتەرا و ئایجاز ئەحمەد، بیرمەند و شرۆڤەکاری سیاسی ناسراوی مارکسی لە هیندستانەوە بەشداریەکی بەرچاویان لە بواری تیۆری مارکسیستی و ئیستاتیکادا هەیە. بەرهەمە بەناوبانگەکەی ئایجاز ئەحمەد، لە تیۆریدا: چینەکان، نەتەوەکان، ئەدەبەکان (١٩٩٢) شیکاری مارکسیستییانەی چەمکەکانی وەک ئەدەبی جیهانی سیستەم و تێزەکاتناسی لێخگرتبوو. لە لایەکی دیکەوە ئیگلتۆن زیاتر لە چل کتێبی بەناوکردەوە کە بریتین لە تیۆری ئەدەبی: ناساندنێک (١٩٨٣)، ئایدیۆلۆژیای جوانیناسی (١٩٩٠) و وەهمەکانی پۆستمەدێرنیزم (١٩٩٦). بیروباوەڕی مارکسیستی بەدرێژایی ساڵان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە کە شایستەی ئەو ئیدیعایەی مارکس بووە کە گۆڕانکاری تاکە دیاردەی نێگەتیڤ لەم جیهانەدا و هەروەها بەبەی پشتی نزیکەی هەموو تیۆریە مەدێرنەکانی کلتوور و تێخنە بووە. تێنگەیشتن پارادۆکسێک بێت کە لە کاتێکدا پراکتیکەکانی مارکسیستی لەم ساڵانەی دواییدا پاشکشەیان کردووە، تیۆری مارکسیستی لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەرگیراوە.(٧)

تێبینییەکان مەشخەڵ ئامادەی کردوون :
(١) کولییەکان یان قلی کە بەزمانی ئوردۆ و زمانی تورکی یانی کێلە. ئەسڵی وشەکە (قول) بە بەمانای دیل دێت. کولییوکان بەو کۆکەش و کرێکارانە دەوترا کە هەقدەستەکی زۆر کەمیان پێدەدرێت لەبەرامبەر کارێک. بەتایبەتی کرێکارانێک کە کەوتوونەتە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا
(٢)هێگڵی مەسکە ؛ ئەو هەڵە فەرمییە بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیێت و ستالینیزم ڕەبەرایەتیان دەکرد و لە بنچینەدا ئەوندەی هەوەدان بوو بە بەهەزکردنی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ستالینی و جوانکردنی ڕووخساری سەرمایداری دەوڵەتی سۆڤیێت و تاوانەکانی

ستالین هیچی تر نەبوو. ئەم خەتە گەرچی بەهەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤییەت سەپارت کرد، بەڵام هەرگیز نەیتوانی ببەتە ئەلتەرناتیڤی ئەدەبی مارکسیستی و کرێکاریی.
(٣)قوتابخانەی شۆخوازی ڕووسی یان شۆخوازە ڕووسییەکان؛ قوتابخانەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی بوو لە ڕووسیا کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووسیا لەنێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩٣٠ . لەو نووسەر و بیرمەندانەی کە جەستیان دیار بوو وەکو ڤیکتەر شیکلۆڤسکی، توری تایتیانۆڤ، ڤلادیمیر پرۆپ، بۆریس ئیچنباو، ڕۆمان جاکۆبسۆن، بۆریس تۆماشڤسکی، گریگۆری گوگۆڤسکی بوون. فۆرمالیستەکان زۆر لەژێر کاریگەری ڕەخنەی نوێدا بوون بۆتایبەتی بونیادگەرایی و پۆست بونیادگەرایی. فۆرماڵیزمی ڕووسی بزووتنەوەیەکی هەمەچەشن بوو، هیچ باوەڕێکی یەکگرتووی بەرهەم نەهێنا و هیچ کەدەنگیەکی لە نێوان لایەنگرانیدا لەسەر ئامانجێکی ناوەندی بە هاوبەشکانیان لەئارادا نەبوو.
(٤)حەلقەی یان بازنەی زمانەوانی پراگ؛ حەلقەیەک بوو لە ژمارەیەک ڕەخنەگری ئەدەبی و زمانناس لەساڵی ١٩٢٦ لە پراگ پێکهات. ئەندامانی دامەزرێنەری حەلقەکە بریتبوون لە ڕۆمان جاکۆبسۆن، نیکۆڵای ترابزکۆی، سێرجی کارجیڤیسکی، ڕێنێ وێلەک. جان موکارۆڤسکی، ڤیلەم ماثیسیۆس. ساڵی ١٩٢٩ حەلقەکە تێزەکانی خۆی لە وتارێکدا ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٢٩ دەستیان کرد بە دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی بەرهەمە زمانەوانییەکانی بازنەی پراگ و بە هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەویش وەستا. دووجاری تر ئەو گۆڤارە لە ساڵەکانی ١٩٦٦ – ١٩٧١ و هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥ زیندوو کرایەوە و هاتە وەشاندن.
(٥)قوتابخانەی فرانکفۆرت؛ ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی تیۆری کۆمەڵایەتی فەلسەفی ڕەخنەگرانە بوو، کە لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری فرانکفۆرت هاتە دامەزراندن. گەلە بیرمەند و فەیلەسووف و ئەدیب و سیاسی پێوەست بوون بەم قوتابخانەیە. ئەم قوتابخانەیە ڕەخنەکی گەورەی گرا لەبردنەپێشەوەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی. بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت پێیانوابوو کە بیردۆزی کۆمەڵایەتی بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سیاسەتە کۆنەپارستانەیەی کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لیبراڵی سەدەی بیستەمدا ڕووددەن. توێژینەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ڕەخنەی لە سەرمایەداری و هەروەها ڕەخنە لە مارکسیزم-لینینیزم وەک سیستەمی فەلسەفی نۆگمای ڕەکخستنی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بە ڕەگای بەدیل بە گەیشتن بە گۆشەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و نەتەوە دەکرد. دوای چەندین قۆناغ و هەوراز و نشۆکردن، ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ١٩٣٣ دەگوازرێتەوە بە جنێف و

پاشانیش بۆ ئەمریکا گواستراوەتەوە.
(٦)گروپی ئەدەبی مارکسیستی؛ ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٦٩ دا کە لایەن فریدریک جەیمسۆن و چەند قوتابییەکی دەرچووی زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری سانتیاگۆ هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٧٥ فراوان بوو و گەلێ بیرمەند و نووسەری ئەکادیمی لەدەور کۆبووەوە و سیمیناریان گرتا لەوانە فریدریک جیمسۆن، تێری ئیگلتن، ستانلی ئارنۆویز، گایاتری سپیڤاک ، مایکل ڕایان، جۆنی هۆلاند، جون هۆوارد، جان بیڤەرلی. ئەم گروپە لەسەر گەلێ بابەت هاوڕستیان کردووە وەک لێکۆڵینەوە کلتووریەکان، پۆستمەدرینیزم، پۆست بونیادگەری، لێکۆڵینەوە دەروون شیکارییەکان و گوتاری پۆست کۆلۆنیالی و فیمینیزم. شایانی باسە هەتا ئەمڕۆش لە چالاکی فەرهەنگی و کلتووری خۆی بەردەوامە.
(٧)جگە ئاماژەیە لەم نووسینەدا گەلێ ناوی نووسەر و ئەکادیمی هاتوون لە بە پێویستیم نەزانی بیان ناسێنم. خوێنەری چالاک لەگەڵ گوگڵدا دەتوانێت زانیاری تەواو لەسەر ئەو نووسەر و ئەدیبانە بەدەست بهێنێت.

١٢ی نیسانی ٢٠١٦

سەرچاوەکان :

Marxism and Literary Theory

شین وەک ئاسمان.. یوسف محەمەد بەرزنجی

گوزارشک بۆنەو بەجامە شینەکەدا

تێوەردان(مداخلە)
دەنگە زەرمان بیرەوەری نوسراو چاپکراومان بەرچاوکەوتبێت، یان خوێندبێتەوە، دەنگە خوێندەوەی بیرەوەری بە فزولیەتی مرۆڤ بگۆڕێتەوە بە ئەوەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی بیرەوەریدا بە ئەوە بگەڕێتەوە بزانە نهێنیی شاراوەو ئاشکراکانی مرۆڤەکان و

کەسایەتییە جەربەزەکان، سیاسییەکان ئەدیبەکان، هونەرمەندەکان، داهێنەرەکان... ئەوانی تر بەگشتی چۆن لە لایەواری سەرکەوتن و بە ناوبانگ وەدەستخستن نزیک بوونەتەوە، یاخود هەنگە خوێندنەوەی بیرەوەری بە نزیکییەک لەناسین و بەرهەمەکانی ئەو جەرگەسانە بگەیتەوە کە بەهەی ناو و بەرهەمکییەوە لەمانەوە نزیکن، گەرنزیکیش نەبن، ئەگەرێک هەیە ناویی لە ناو ناواندا هەبێت، بیرەوەری نوسینەوە مەژوویەکی دوورو درێژی لەنێو مرۆڤکاندا هەیە، یان لەنێو گەلە جەربەزەکاندا بە خێی دابین کردووە.

زۆر لە مەژە گرنگی بە بیرەوەری نوسینەوە دراوە، زۆرکیش لەو بیرەوەرییە سیاسیی وئەدەبیی و هونەری و کەمەلایەتییانە بەچاپ گەیشتوون و لە زمانی جەراوجەردا وەرگەڕانیان بە کراوەو پەمان ئاشنان. یان نوسەرانی خەمانی و ناوخە لەناو گەلاندا نوسیویانەوەو خەڵک بە تامەزرۆییەوە سەرقاڵی خوێندنەوەیانن. بیرەوەری نوسینەوە بەهەموو شێوەو فەرم و نەوەرکەکەیانەوە، گرنگن دەتوانرێ زۆر کون وقوژبن بەقەناغ و سەردەمکان ڕوون بکەنەوە، ڕاستگۆیی لە نوسینی بیرەوەریدا گرنگە، وشەو دەستەواژەو سیحری نوسین و جوانکاری وداشتن و نەوەرێک وبابەت و ڕوداو چنینی بەشوێن یەکدا بە کتێبی یاداشت و بیرەوەری ویادگە گرنگ و بەسوودە، درێکردن وزیادەڕەوی کردن و خەیاڵپڵاوکردن و بەرزکردنەوەی خودو کردنی بەسەرمان و فریاد ڕەس و قارەمان و پاڵەوان، زیان بەنوسین و یادگەو بیرەوەری دەگەیەنێت و لە بەهاو کەسایەتی نوسەر کەم دەکاتەوە، بەیە واقیع وەک خەی ئاوێتەی نوسین بکرێت لەنێو بیرەوەریدا بەسودو بەپەزو بەنرخ دەکات، تەنانەت پشتبەستن بەنامەو وێنەو بەڵگەنامە... زۆرگرنگ و بەکەڵکەو بیرەوەری نوسینەوە زیاتر بەهەزو بەخەوش دەکات، زمانی جوان وداشتنی پەئیستاتیکای وشە بیرەوەری بەجوانی وزیندوەتی بە نەوکان دەهێتەوەو دەبێتە شایەتی مەژووی ئایندە.

پیاوە بیجامە شینەکە

وەک گوترا زۆرێک لە تاکەکانی کەمەڵگە دەتوان بیرەوەری خەیان بەوزمانەی هەیانە بنوسنەوەو تەماری بکەن و بەچاپکراوی بیخەنە بەردەست خوێنەرانیان وێنەو ڕەفەی کتێبخانەی پێبەازنەوەو سوود وەکەک بە خوێنەرو نەوکان بگەیەنێت و هەم ئەزمەن و تاقیکردنەوەی کەسی بیرەوەری نووس کەک وسوود بەخوێنەر بگەیەنێت و قەناغی مەژوویی و تەپەین بەتاقیکردنەوکان، لەکەوتن وشکست و هەستانەوە باش بگەیەنێت و پەیام وبەرئەنجامی هەبێت.

پیاوە بیجامە شینەکە، بیرەوەری نووسەرو شاعیری دیارو ناسراو

لەنووندی ئەدەبیدا (جەلال بەرزنجی) یەکەم (٦٣١)لاپەڕەی نیوئەی فەی بەخەی داگیرکردووە، لەلایەن دەزگای فام بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠٢٢چاپ وبڵاوی کردۆتەوە.

بیرەوەری نوسەر کەلەم کتێبدا (پیاوە بیجامە شینەکە)دا بڵاوکراوەتەوە، بۆچند قۆناغ یان چەندشەوێکدا تێپەڕیوە، پاشان ئەم بەرهەمەی لەشین بووەو هاتۆتەبەرهەم، بیرەوەری و ڕووداوی نەوکتێبەکە لە کوردستان و کەندا وازییانکردووەو لەم کتێبدا بەرهەمهاتوون و نوسراون، چونکە بەرزنجی کۆی کوردستانەو لە کوردستان پڕی ناوەتە ژیانەوەو ژیانی ئازمان کردووەو دووەم ئازمانەی ژیانکردنی کەندایە کەزەر دوورە لە خاکی باب و باپیرانیەوە، بەرزنجی دەڵێت:ئەژەک بە ئاهەنگی ئیمزاکردنی کتێبی نوسەرێک بانگهەشتی کردین نووسەرەکە خەڵکێکی هەرهەمەکی دیکەی کەندایەو چند ساڵێ هاتووە بە هەرهەمی ئەلبەرتا. کتێبەکەی ئەو نووسەرە یادەوەرییە. لە ئازموونی ئەو نوسەرەوە فێربووم لە خەم بپرسم"نوسەرێک کتێبێک لە سەر شوێنگەیەنی خەی لە ناو یەک وڵات بنووسێت،ئەی بەمن کتێبێک لە سەربەینی سنووری سێ کیشوەر نەنووسم و ئەو یادەوەرییەخەش و ناخەشانەی چەندەها ساڵێ لە ناوەوەم هەڵم گرتوون، نەیگێڕمەوە؟!" واتە سەرەتای بیرەوەرییەکانی نووسەر لەم سەرچاوە ئاماژە پێدراوەوە سەرچاوەی گرتووەو شاعیرو نووسەر بیرکەی نووسینەکەی لەلا گرنگ بووە. سەرتاش ساڵی ٢٠٠٨ بەزمانی ئینگلیزی نوسیوەتی و ساڵی ٢٠١١ بەهاوبەشی زانکەی ئەلبەرتای کەندا، زانکەی مشیگان لە ئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی چاپیان کردووەو لە زەر ماپێش وەک ئەمازن بڵاوکراوەتەوە، جارێکیش وەک پڕفرۆشترین کتێب و لەلایەن خوێنەرانی ئەو وڵاتانەوە، پێشوازییەکی باشی لێکراوە. کتێبەکە چەندین خەڵاتی کەندی و نەونەتەوەی پێبەخشراوە.

پاشان لەلایەن نووسەرو دەزگای ئاراس بەورگێانکی نوێوە بە سەرزمانی کوردی، ڕازامەندی بە وەرگیراوە کە لە کوردستان و دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر چاپبکرێت، بەڵام بەهەی داخرانی دەزگاکەوە چاپکردنەکەی دواکەوتووە. بەڵام وەک نوسەر باسی لەودەکات پاش بەراوردکردن وتەتەو پێداچوونەوە بەبیرەوەرییەکاندا چەندجارێک (ئیدیت)کردن زەر شتی لەناوەڕۆکدا بە زیاکراوەو پوختەتر کراوەو بە ناوەڕۆک دەوڵەمەند بووەو پاش ئەو هەموو ئاووگەڵوو ڕانان و گفتووگۆکردنە لەسەر کتێبەکە"١١"یانزە ساڵ تێپەڕین بەسەر چاپە ئینگلیزییەکەی لەلایەن نوسەرو دەزگای فامەوە بڵاوکراوەتەوە.

زمانی نووسین

جەلال بەرزنجی، سەرەتا بەخوێندنەوە نوسین جگە لەبەنی پلەکانی خوێندن لەگوندەکەیان(ئاشکەوت سەقا)"٤٠"کیلەمەتر لە شاری هەولێر دوورەو لە سەر شاڕێگای هەولێر کە دەچێتە کەیە. دەستی پێکردووەو کەتەتە نەودونیای خوێندنەوە نوسین و شیعرەوە، زۆربەمان جەلال بەرزنجیمان لە ڕێگەی کتێبی(سەمای بەفری ئەواران)ی ساڵی ١٩٧٨ کە بەختی دەست چاپی کردبوو، وەک کەپی چاپ ناسی، شاعیر هەنگاو ئەزموونی و توانای ئەدەبی لەم کتێبەوە خستە بەردیدەی خوێنەرەکانی کە شیعرو دنیابینی شیعری بوو، پاشان بەپلەکانی پێڕەی ئەزمەن وخوێندنەوەو شیعردا سەرکەوت و پێشکەوت و تەکەڵاوی کەو بەاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بوونە ئاوێتەی گۆشەکردن وپێشکەوتن وهەڵزنانی ئەم شاعیرە.

بیرەوەری پیاوە بیجامە شینەکە

ئەم کتێبەی شاعیر لە دووجیهانبینین و دوو دونیاو سەرزەمینی جوداو فرە کلتووری جیاوازدا نووسراوون، کلتوورو دابوو نەریتی خەڵکی ومەزهەبی پە ئازار و بریندی کوردستان و کەلتوورو دابوونەریتەکی پێشکەوتووی سەقامگیری خەرئاوا، کە نووسەر نیوەی ژیانی لە خەرهەڵات و نیوەکەی تری لە خەرئاوا بەسەردەبات،مەگەر گەشت پەکیانەوە گرێبدات، تەمەنێک لەملاو تەمەنێک لەولا، بەڵام گۆشەکردن و گەڕان لەم دوو ئەزموونەدا هەیەو کاریگەری تەوای لە سەر نووسەرو تاقیکردنەوەکانی ژیان و نوسین وخوێندنەوەدا بە بەرهەمهێناوەو بەرئەنجامەکی زەر باش و پوختەو دەوڵەمەندی فەرکردووەو خستوتیە سەر، یان ناو دونیاو فەزایەکی جیاوازتر لەپێشترو زەر ئەزموونەکەی دەوڵەمەند وبەپێز کردووەو جوانی زەری بە(جەلال بەرزنجی)بەخشیووە.

ئەم بیرەوەریانەی نووسەر زەر بەزمانێکی جوان وپاراو پڕئەزموون ودەوڵەمەند نووسراوون، تەژیە لەجوانی گەڵانەوەو بیرخستنەوە، لە سەرخە بەنەرمی دەمانخاتە نەوەداو کارەسات و ململانێکانی مەژوو، ژیان لە کوردستان و کەندەاو خەرئاواوە، ئەو لەبیرەوەرییەکانیدا زمانی زبر توند بەرزوو نزم هەڵچوون خە بەقارەمانکرد، دەرەقی وتوندوتیژی نازانە چیەو خەی لەبواردووە عەقڵێکی فراوان و ئیستاتیکا لە ووشەدا بەکاردەهێنێت، من لام وایە نووسەر گەر لەکەندەاو ئەو بارودۆخە سەقامگیرەی ئەزموون و تاقینەکردایتەوەو تێیدا نەژیبایە، نەی دەتوانی بەزمانێکی هەنگوینی و سارد و لە سەرخەو ئاشتیانە بنووسێت، ئەویش بەوەی زەر بیرەوەری نووسەران وشاعیران وکەسایەتییەکانی جەربەرجەری خوێندتەوەو لەزمانی ئاشتی وتەبای مرۆڤ دەستانە گەیشتووەو لای ئەو گرنگی و کەڵکی زیاتر دەگەیەنێت. لە ڕێنگەی شین و ئاسمانێکی بەسنووری شیندا شتە

جوانەکان جوانتردەبینەت.

ناوەڕکی پیاوە بیجامە شینەکە

پیاوە بیجامە شینەکە گەشتەکە بە ناو کایەکانی ژیان ومردن و منداڵی و گەورەبوون و هەڵراشبوون و برین و ئازارەکانی ڕۆژگاردا، ستەم لە بەرانبەر ئاشتیدا وەستاوە،منداڵی لە زەدی خەیی وهاتنە دونیای لە خانووە قوڕەکانی گوندی(ئەشکەوت سەقا) و گوزەر بەنەوگەڕەکانی هەولێرو موسڵ وسلێمانی وکەیەو بینینی چیاو دەڕەکان و سوتانی ڕەزوباخ و گوندو شارەو ستەم و بەندیخانەو کتێب و چیرۆکە نەبیستراوەکانی بەندیخانەو شیعرو دونیای وشەو خنکاندنی ئازادی، گولەبارانکردنی هاوڕێو کەسوکارو هەڵکەندنی بنجی درەختەکان و ژاکانی گوڕەکان و خوێن بینین بەدونیایەکی نوێو گەیشتن بەسەربەستی وئازادییە، گەشت وهەڵهاتنە بەنێو سنوورو کەڵەو کیمابارانو و ئەنفال و بیابانەکانی خواروی عێراق و عەرعەردا، گەیشتنە بەنێو خاکی دراوسێکان وبینینی باڵەخانە بەرزو ڕەستۆرانت و شەقامەڵاوەکان و باخچە دڵگیرەکاندا، ناسینی کەسایەتیە ئەدەبییەکان و وەاتانە،بەڵام کەتایی گەشتیی پیاوە بیجامەشینەکە هەڵفڕینە لە ناو ئامێزی ئازادی و سەقامگیرو گەشتی بەسانسەرو فرینە بەنێو وشەو جوانی و لەبیرنەچوونەوەی نیشتمان و ئازیزانیدا.

پیاوە بیجامە شینەکە دەڵێت:
ئێمەو ماڵەکەمان لەناو جانتا
لە سیڤاسەوە چوینە ئەستانبووڵ
تا تاریک و ڕوون بچینە تاراوگە
ئەو ئێوارە فڕۆکەخانە پڕبوو لە کەچبەر
هەندێک دەیان ئامادە دەکرد بۆ گەشت
هەندێک بە فڕەهەنگ خەیان فڕێ زمانی ئینگلیزی دەکرد
هەندێک بیری ماڵەوەیان دەکرد
هەندێک دەترسان بیانگەڕێنەوە ماڵەوە
مامەستا جەلال بەرزنجی بیرەوەریی و پەیڤەکانی جوان چنیووە، بەرهەمێکی بەرز و نایاب و شیرینەو درەوشاوەیە وەک تیشکی خۆرێک لەناو ئاسمانێکی شیندا، بۆیە شایانی خوێندنەوەیە، پیرۆزبایی لێدەکەم بەهیوام بەردەوام و تەمەندرێژو بەختەوەرو شادمان بێت.
سەرنج:
*هەڵەی چاپ وکەمپیوتەری فرە تێدایە.
*بۆگەی سەردەمی خەیی لەنامە، بۆگەی گرتن و ئازادکردن، ڕۆژو مانگ

و… زۆربەکەمی بەکارهاتووە یان نیە.

- لەزەر شوێندا بەڵای پارتایەتی هەکاری چونە بێندیخانەی نەچووە ووون نیە خانەوادەو خەی لەبەرچی دەستگیرکراون و لەپەچینەوەیان لەکراوەو خراونەتە زیندانەوە، تەنیا جەخت لەسەر کوردبوون وشتی تردەکاتەوە.

*"لە گۆڤاری نووسەری کورد" لە شاخ ئەم شیعرەم بە ناوی(زەماند)بەاوکردەوە. ئەمە هەڵەیە گۆڤارەکە ناوی نوسەری کوردستانە، بەوناوە نهێنی و خوازراوەو شتی وای تێدا نیە.تکایە سەیری هەمان گۆڤاربکە، ئامادەکردنی نووسەری ئەم بابەتە سەرجەم ژمارەکان، ساڵی ٢٠٢٣.

*بەیەکەم جار بە بەاوکردنەوەی هێندێک" قسەی نەستەق"لە کتێبی (گوڵەکانی ئازگار)م وەرمگرتبوون… ، لەڕاستیدا نووسەر ناوی ئەم کتێبەی بە هەڵە دانـاوە، ناوە دروستەکەی(گوڵاڵەکانی ئازگار)ە نوسین و وەرگێڕانی محەمد حسن مەنگوبیە، ساڵی ١٩٦٨،چاپخانەی اللواء، پێشکیەکەی مامۆستا محەمد مولود مەم نوسیوێتی.

*یەکەمین جارکتێبەکانی (ماوتسی تۆنگ)م لەبەرگێکی سووربە کوردیلەوێندەر بینی…

ئەوکاتە یەک کتێبی ماوسی تۆنگ وەرگێڕاوە ساڵی١٩٧١، ناوی(چەپکێک لە قسەکانی ماو)ە، وەرگێڕانی خوالێخۆشبووان نەوشیروان مستەفاو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کتێبەکی گیرفانی بەرگ سووری چەرمە.

*هەرش:مامۆستا دڵەی پێشمەرگایەتیت نەکردووە؟!

لەووزی بەرز کردەوە،گوتی: هاها ها، ئەوتا.. لەڕاستیدا(لەموز)یان(لەمز) بەمرەف بەکارنایەت و دروست نیە، چونکە بە ئاژەڵو وەاخ بەکاردێت.

سەرچاوە: بیرەوەری پیاوە بیجامە شینەکە، دەزگای فام، ٢٠٢٢، ٦٣١لاپەڕە، پەوانە١٣،٥سم، بە٢١سم. لاپەڕە

٢٠٢٣\٣\٢٥

1- بیرەوەری پیاوە بەجامە شینەکە، جەلال بەرزنجی، دەزگای فام بۆچاپ وبەاوکردنەوە، ١٩ل٢٠٢٢

2- سەرچاوەی پێشوول٤٦٧

3- سەرچاوەی پێشوول٥٩
4- سەرچاوەی پێشوول٢٣٤
5- سەرچاوەی پێشوول٢٣٦
6- سەرچاوەی پێشوول٣٩٦

گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد مەدحەت (گەران عەبدوڵا)* لەسەر کار و چالاکی حزبی ئۆدیبانی کۆمۆنیست.. سازدانی: عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ)

دەربارەی کار و تێکۆشانی حزبی ئۆدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری هاوار ١٩٨٧ - ١٩٩١

بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە کلیک لەسەر ئەم ناونیشانەی خوارەوە بکە..
[ئەم گفتووگۆیە لە کتێبی: دەربارەی کار و تێکۆشانی حزبی ئۆدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری هاوار لە نووسینی عەبدوڵا سەڵمان)مەشخەڵ بڵاوبێتەوە..]

پرسیاری یەکەم : چۆن ئاشنا بوون بە گۆڤاری هاوار و چۆن دەستتان دەخست؟
جگە لەوەی خوێندری گۆڤاری هاوار بوون، لەهەمان کاتیشدا بەرهەمتان بۆی دەنارد، چ بەرهەمێکتان لەو گۆڤارە بڵاو بێتەوە؟

گەران عەبدوڵا:
سەرەتای ئاشنابوونم بە گۆڤاری هاوار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ١٩٨٨ ئەوکاتەی لەگەڵ ئەم کەمەڵە هاوڕێیە (پێخشان و بەختیار، مستەفای حەسەنە گەورە، عەدنان حەمید، جەمال کەرکار و شەرکۆ) بە هەکاری نەچوونمان بۆ (خزمەتی سەربازی) بۆ نهێنی لەچاوی دامودەزگاکانی بەعس لەیەکەک لە شوقەکانی شاری هەولێر دەژیاین و

سەرقاڵی خوێندنەوە و کاری سیاسی بووین وەکوو حزبی مارکسی.
پاش ئاشنابوونمان بە ئەدەبیاتی چەپ و کۆمۆنیست و پێوەستبوونمان بە چەپ، بە یەکەمینجار لەگەڵی هاوڕێکەوە چاومان کەوت بە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ئاڵا. بەرگێکی شین، بە خەتێکی جوانی لەسەری نوسرابوو ئاڵا. ناوەوەی گۆڤارەکە وەرقەیەکی تەنک بوو پڕی دەوترا ئایز. ئەو ناوانەی بەرچاوم کەوتن و لە یادەوریمدا ماونەوە (هەشەنگ، مەشخەڵ، کاوە و ناوێکی تریش سەیر دەهاتە بەرچاوو بەقورسی بەم لەبەرکرا، بەڵام ئەولەبەرکردنم هەرگیز بیر نەچوونەوە ئەو ناوەش (شەڕش هیومانیست) بووە! پاش ڕاپەڕینی ٩١ زانیم ئەو ناوە جەمال کەشش بووە. دووەاتر شیعرێکی خەمم بیان چەواندکرد بەناوی (بە منارەکی نانفرەش) لەیەکێک لە ژمارەکانیدا بڵاو بووەوە.

پرسیاری دووەم: هەستەنگاندتان بە کار و چالاکییەکانی حزبەکە و گۆڤاری ڕابەر چۆن بوو و ئێستا چۆنی دەخوێننەوە؟

گۆران عەبدوڵا:

ئەو سەردەمە سەردەمی زەینی بەرگریکردن و وەستانەوە بوو لە بەرانبەر دیکتاتۆریەت و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەر کار و جووڵانەوەیەک لەناو ئەو بازنەی مقاومەتدا جێیەکی بەخێی بگرتبایە جێگای ئعتیبار و دەستخۆشی بوو. ئەمە، ئەو هاوڕێیانەی کە پێکەوە دەژیایین جگە لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سیاسی، سەروکاری ئەدەبیشمان هەبوو. هەربۆیە گۆڤارەکەو هەواڵەکانی پشت گۆڤارەکەمان بەرزدەنرخاند. ئەوەی لەبیرم مابێت هەموو کەک بووین لەسەر ئەوەی ئەمکارە لاسایکردنەوەی گۆڤاری ئەدەبی(پێشەنگ)ی کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (دیارە بەلایەنە ئەرێنەکەیەوە) ئەو سەردەمە لە زەر بواردا لاسایی کارەکانیانمان دەکردەوە، بەزمانێکی تر بە نمونەیەکی تەواو کامڵی خەمانمان دەزانین. لەگەڵ ئەوشدا هەنگاونان بەرەو گەشەپێدانی ئەدەبی کرێکاری و سەربەخێی ئەو ئەدەبەمان بە گرنگ دەزانی و هەستمان دەکرد ئەمش هەنگاوێکە بە تەکامولی بزووتنەوە سیاسیکەمان و نزیکتر مامەڵە دەکات لەگەڵ هەست و واقعیەتی کۆمەڵگەکەمان. ئەو هەوڵانە لە ئێستاشدا دەبێت بە پێوەری بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە بخوێنرێتەوە. سەردەمێک هەموو دەرگاکانت لەداخرابوون، سەرکووت تا ئەوسەری خێی گرتبوو، مەرگ لەسەر هەموو کەسان و ناو ماڵێک خێی مەڵاس دابوو، وشەیەک بەس بوو بە لەسێندنەوەی گیانی دەیان کەس! بێنە بەرچاو لەو هەلومەرجە ترسانەکەدا کۆمەڵێک گەنج نێک خێی لەمەرگ دەبورێ بەکوو لەوێدا

دەستتەوە، ئەو لەوانگەی مەرگ دەستیەوە نەبوو، بەپێچەوانەوە لە سەنگەی ژیان دەستیەوە بوو نەک تەنها بە خوود بە ئەوانی تریش. لەناو ئەودەخ دژواردا هەر ئەوندە دەکرا کە کرا.

پرسیاری سێیەم : تا چەند لەگەڵ سەربەخێیی یەکخراوەکی ئەدەبی هەیت؟ ئایا پێویست بوونی حەلقەی ئەدیبانی کەمانیست بە یەکخراوی یەوتی کەمانیستەوە چۆن هەدەسەنگێنن؟

گەران عەبدوڵا:

تا چەند لەگەڵ سەربەخێیی یەکخراوەکی ئەدەبی هەیت؟ ئەم بەشەی پرسیارەکەتان، پەم وایە مەژوویەک لەگفتووگۆی لەسەر وەستاوە واتە بە ئا و نا، تەوانین و سەرنجی زۆری لەسەرە.
چەمکی سەربەخۆبوون و نا سەربەخۆبون لەدونیای ئەدەبی و سیاسی ئەمەدا شەونەراوە، بەتایبەت لە دووای ئاپەینەوە، ئەوکاتەی ئەحزابی شاخ کەمەگیان بەتەواوی دابەشکردە سەر ئەحزابی سیاسیدا. ئەوکاتەی سنووری نەوان چینەکانیان بە شوناسی حیزبی بوون شاردەوە. ئەوەی کەباسی دووای ئاپەین دەکەم مەبەستم ئەوە نیە شانی ئەحزابی ئایدیەلەجی گەرا خاڵی بکەموە کە لەسەد ساڵی ئابردوو کاریگەری قوڵیان لەسەر زهن و کاری ئەمە هەبووە هەرچی کارەک دەستی بە بردبەت، ویستوویەتی ئەنگداری بکات بە ئایدیەلەجەکەی خۆی و بە کەمەگە بەڵت ئەوە منم. بەزمانەکی تر ئەوەندەی خەمی نیشاندانی کارەکانی دەبەت ئەوەند بەدوای جەکەوتەبوونی کارەکانیەوە نابەت.

باسکردن لەسەربەخێیی گرنگە ئەشن بەیین سەربەخۆبوون لە چی؟ سەربەخۆبوون لە ئەدەبی بەرژوازی، یان سەربەخۆبوون لە ئەحزابی سیاسی؟ یان کاتەک دەینە سەرباسی سەربەخێیی ئەرگانەکی ئەدەبی و لەو گۆشەیەوە سەیری سەربەخۆبوونەکەی دەکەین کە ئەم گۆڤارە یان ئەژنامەیە تەنها گرنگی بە بەاوکردنەوەی بابەتگەلەک دەدات کە دەستەی بەڕێوەبردنەکەی پەش وەخت، خەت و ختووتەکەی بەداشتووە، واتە بە پشت بەستتنیان بە تەوانینە فکری و ئایدیەلەژەکیان شورایەک بەدووری خیانەدا دەکەشن و فیکر و تواناکان لەو چوارچێویەدا لە قاڵب دەدەن.
کاتەک باس لە سەربەخێیی یەکخراوەکی ئەدەبی دەکەین بەڵای من گرنگە پەشتر لە ئەرکەکانی ئەدەب تەبگەین. بە زمانەکی تر، ئەمە خەریکین چی لەسەر شانی ئەدەب باردەکەین. بەشێویەکی بنەڕەتی و باو دوو ڕەوانگە کار لەسەر دونیای ئەدەب دەکات، یەکەکیان پەی وایە ئەدەب دەبەت تەواوکەری سیاسەت بەت و لەسەنگەرەکانی پەشەوە خەریکی

شەبەت ئەوەش زەرتر بە ئەدەبی پرۆلیتاریا ناسراوە. لەناو ئەم تەوانینەدا نووسەر بە تەواوی ئازادەکانی خۆی لەدەست داوە و لە بەتەی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراودا دەشلێرێت. لە زهنی نووسەری ئەدەبیدا ئەوە بەرجەستە دەکرێت کە سیاسەت بایەکەم دەت و دونیای ئەدەبیش دەکرێتە خزمەتی سەرکەوتنی سیاسەتەوە واتە سیاسەت جێگای یەکەم دەگرێت و ژیان دووەم (ژیان بەمانای لایەنە زاتی و بایۆلۆجیکەی ئینسان) دیارە مەبەستمان لەو خەتە سیاسییە کۆلە زهنیەتی نووسەردا جێگیر دەبێت. لەرەوە تراجیدیای ئەدەب دەستپەدەکات و نووسەر دەبەت بەدەبەتی ستراتیج و تاکتیکەکانی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوو دونیای ئەدەبیش تا ئەو سەری خۆی بچوکدەکرێتەوە.

هەوانگەکەی تریش بەشەویەکی تایبەت کار لەسەر ناشیرینکردنی ئایدیۆلۆجیا دەکات لەڕێی میدیا زەبەلاحەکانیانەوە بەناوی ئەدەبی دیموکراتییەوە کەش و هەوایەک دەڕەخسێنن، نووسەر لە بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دادەبڕێنن و وەکو تاکێک لەسەر پشتی پەپولەیەک لە نەوانی ئەستێرەکاندا خەریکی شەوی شین و پەمەیی دەکەن.
دەبەت ئەو بارانەی کەسەر بە هەواری دونیای ئەدەب نیین لە کۆڕی ئەدەب بکرێنەوە. دەبەت ئەدەب لە پەیوەندییە قوڵەکەی بە ئینسانەوە سێربکرێت.
وەکوو جەیمس فڕڕە لە ئەدەب و ئایدیۆلۆجیادا دەڵێت (ئەدەب هونەرە لەسەردەمکدا هەشیاری و وێژدان دروست دەکات. ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی چی بەسەر بەشەرکاندا هات، وە دەکرا چییان بەسەردابەت وە بیریان کردەوە چییان بەسەردا دەت. باسی ئەو سەردەمانەمان بە دەکات کە ژنان و پیاوان لە چ دەخەشی و نا خەشی و چەرمەسەرییەکدا ژیان. ژیان پڕ لە نهێنی وە گەورەترین نهێنی ژیانیش خودی مرۆڤ خۆیەتی. ئەدەب گەڕانە بە دوای ئەم نهێنیانەدا..) لە دەڕەکدا دەتوانیین بڵین با دەستهەڵگرین لە سەربەخۆبون و نا سەربەخۆبوون با زەمینەیەک بە ئەدەب بەخسێنین بەبەت بە ئاوێنەیەکی هوونی سەردەم و ژیانی ئینسانەکان.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەتان:
ئایا پێویست بوونی حەلقەی ئەدیبانی کەمانیست بە هەڵکخراوی هوتی کەمانیستەوە چۆن هەدەسەنگێنن؟
ئەم پرسیارە لە کاتی خۆیدا لەناو ئەو هاوڕیانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان بوو بە شوێنی قسەو باس. بەشەویەکی گشتی دیدکی

هەشنمان نەبوو لەبارەی ئەدەب و ئایدیالەژیاوە. تەبینییەک کە هەمان بوو ئەوەبوو ئەم کارە دەبەتە مایەی ئەوەی نووسەرانی غەیرە هەوت خەیان دوورە پەرەز بگرن لە حالقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چوونکە بە کردار دەبەتە حالقەی ئەدیبانی هەوتی کۆمۆنیست.
لە دیدی ئەمەوە ئەو بەیارەی حالقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە بەیارەکی تەواو هەڵە دەزانم، چونکە دونیای ئەدەب زۆر فراوانترە لەوەی بترنجرێتە ناو بەتەی هەکخراوەکی سیاسییەوە. لە کۆتاییشدا بە ئاستی گۆرەی و بچوکی ئەو هەکخراوەیە ئەویش گۆرەو بچووک دەبەتەوە.
لە کۆتاییدا و لە یادی ئەو هەژگارەو هەوڵەکانی کارکردن بە باشتر کردنی ژیان وەهەنگاو نان بە گەڕینی دونیا، چەندە کارەکان زۆر سەرەتایی و بچووک بووبن یان هەنگە مایەی پەکەنینبن بە ئەمەڕ، دڵەم سەرجەم کارەکان مایەی هەزو دەستخەشین. رەژگارەک بوو مەرگ لە کەمینا بوو بە هەموو کارو بکارەکی کار. هەچی کارە کرا لەو چوار چەوەیە، تەنها نییەت کارکردن بوو هیچی تر. دووبارە دەستان خەش.

- نەوزاد مدحەت (گەران عەبدوا) نووسەر و شاعیر و هەسەوەاوی جەماوەری و کرێکاری
لە داکیبووی شاری کەرکووکە ساڵی ١٩٦٤ .
لەهەتی لاویدا پەیوەست دەبەت بە کۆمەڵەی هەنجدەرانی کوردستانەوە. پاشان وەکوو دەیان کەسی تەکۆشەری تر واز لە کۆمەڵە دەنەت و
پەیوەست دەبەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەتایبەتی هەکخراوی هەوتی کۆمۆنیست. هاوەڵە گەران هەسەوەاوەکی جیددی سیاسیی و جەماوەریی بوو.
جگە لە هەکخراوی هەوتی کۆمۆنیست
و پاشان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عەراق، لە یەکەتیی بەکاران لە کوردستان و کۆمەڵەی
ئاوارەکانی کوردستان زۆر شێلگیرانە هەدەسەوا. ئەم تەکۆشارە بە ساتەک چییە وازی لە
خەبات لەپەناو دنیایەکی ئینسانیی و باشتر نەهەناوە. ئەستاش دوو دەیە زیاترە لە وەاتی
کەنەدا دەژەت و بەهەوبەری سایتی دەنگەکانە.

جۆهەری فەلسەفە و حەقیقەتی فەلسەفە.. نووسینی: دڵشاد کاوانی

سەرەتا

مەژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ بیرەکی لەسەر دەزینەوەی حەقیقەت و ڕاستی یان ئاسانکردنی ژیان و ئەزموونە فکرییەکان هەڵچنی وە، بە بیرمەندان، ڕاستی گەردوون گرنگە، ئایدیاڵی بیرکردنەوە بریتییە لە گەڕان بەدوای جەوهەر و دەزینەوەی ڕاستی. بەهەی گرنگی ژیان لە دەرەوەی دەستاگەیشتن و چارەنووسی مرۆڤ، کاریگەری بیرکردنەوە و بیرەکەکانی لەسەر مرۆڤ دانا، نەوەک تەنیا لەسەر خودی بوون. کەکردنەوەی ئەو بیرکانەش لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە ناوی لێنرا "فەلسەفەی مرۆڤ".

قوتابخانەی سۆفیستیکا دووەم قوتبخانەی بیرکردنەوە.

لێرە باسی هەڵەی قوتابخانەی دووەمی بیرکردنەوەی فەلسەفیی سەردەمی سۆقرات دەکەین، کە پێکهاتووە لەو کەسانەی کە لە زمانی یۆنانیدا بە "سۆفیست" ناسراون، قوتابخانەیەکی بیرکردنەوەیە کە بە ئەنترۆپۆسەنتریزمی پێش سۆکراتی تایبەتمەندە. دیارترین تایبەتمەندی ئەم هەوتە ئەوەیە کە پەوەر بە لەکدانەوەی حەقیقەتی بوون تەنیا لەسەر بنەمای بەیار و هەستی مرۆڤکانە و مەحاڵ باس لە سروشتی ڕاستەقینەی بوون بکرێت.

وشەی "سۆفیست" کە بە واتای "وەستا، لێهاتوو" دێت، سۆفیستی یۆنانییە، و لە زمانی یۆنانیەوە بە وشەی "سۆفیستیکا، سۆفیزم، ساپساتا" هاتۆتە ناو زمانەوکانی دیکەوە. سەرەڕای واتا ئەرێنییەکانی زاراوەی سۆفیست، بە تێپەڕبوونی کات، هەندێک لە بیرەکەکانی سۆفیست سەرباری ئەوەی بەناوبانگ بوون، تەماتبارکراون بە کەشەی ڕیتەریکی.

فیساگەرس، سەرکردەی بزووتنەوەی سۆفیستەکان، یەکێک بوو لە بەناوبانگترین سۆفیستەکانی جیهانی یۆنانی، بە ئەو ڕاستی هەڵەیی و

لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە بارودۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت. ئەگەر ڕاشکاوانەتر باسی بکەین، بۆ نمونە لای ئەو، بوونی یان نەبوونی سەرما لە ڕۆژێکی زستاندا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بەوەی کە ئایا مرۆڤ بۆ بەستێنێک دەبێت یان نا، ئەگەر کەسێک ببێتە بەستێنێک، دەتوانین باسی بوونی سەرما بکەین، ئەگەر بەستوویی و قەسینی مرۆڤ نەبێت، ناتوانین باسی بوونی سەرما بکەین. بۆ جارێک حەقیقەت لەسەر بنەمای مرۆڤ دامەزراوە، ئینکاری جەوهەری حەقیقەت دەکات، واتە ئەو بیرکەرەیەی کە حەقیقەت یەک حەقیقەتی هەیە، بۆ شەوازی تێگەیشتن لە تێکدانی هەموو شتێک، ڕێگا بۆ نیهیلیزم (نکۆڵیکردن) دەکاتەوە.

لای فیساگەرس حەقیقەتی مرۆڤ پێوەری هەموو دروستکراوەکانە.

"مرۆڤ پێوەری هەموو دروستکراوەکانە." بەناوبانگترین وتەی فیساگەرس و دەتوانرێت بڵێین فەلسەفەکەی بۆ شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەم وتەیە دامەزراوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بیرکەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی بەو بیرکەرەیە خستووە کە ڕاستی وجود لەگەڵ ڕۆژگرتن لە مرۆڤدا دەگۆڕێت، ئەمەش بووە هۆی دەستپێکردنی ڕۆژگەرایی فەلسەفیی. پێشخستنی ئەو بیرکەرەیە بووە چەقی ئەو تیۆرییەی کە بابەتی فەلسەفە دەبێت تەنها مرۆڤ بێت، هەموو کەشە فەلسەفییەکان دەبە لە دەوری مرۆڤدا بسووڕێنەوە.

بە پێی تیۆرییەکە فیساگەرس پێشنیاری کردووە، ئایین و ئەخلاق و دادپەروەری و یاسایەکی گەردوونی یان گەردوونی نییە. بە واتایەکی تر هەموو بوون لە بازنەی ڕۆژییدا دەجوڵێت و مەحاڵە باس لە بوونێکی ڕاستەقینە بکرێت. بە جارێک ئەمە ئەوەمان بە دەردەخات کە ڕاستی ڕۆژییە.

فیساگەرس بە ئاماژەدان بە نیهیلیزم (نکۆڵیکردن، هیچ نەبوون) و ئەگنۆستیزم (تیۆری نەزانی)، ئەو بیرکەرەیەی پێشخست کە مەحاڵە بزانین خودا هەیە یان خودا چۆنە: "ئەگەر کەمێک زیاتر بژین، ڕێنگە هەندێک شت فێربین، بەڵام ژیان زۆر کورتە بۆ فێربوون." شتەکان بە ئەمە داماون. بەیە ئەمە مافی ئەوەمان نییە هیچ شتێک لە بارەی خوداوە بڵێین و لەسەر ئەو شتانەی کە ناتوانین هیچ لە بارەیەوە بڵێین.

توانین بنەمای فەلسەفە و بیرکردنەوەیە، لای گەرگیاس

گەرگیاس، خوێندکاری ئیمپێدۆکلیس، کارەکتەری گوماناویتر بوو لە

پرتاگراس. بۆ ئەو خودی بوون دەخڵکی جێی پرسیارە و وشە بناوبانگەکانی مێژووی بیرکردنەوەش بریتین لە "هیچ شتێک بوونی نییە، مەحاڵە دەبوو بزانرێت ئەگەر هەبووایە و ئەگەری زانینیش هەبووایە، مەحاڵە دەبوو بتوانیت بۆ ئەوانی تر بیگێڕیتەوە".." بۆیە ئەرکی ڕێزەیی پێدەدرێت.

ئەمەش سێ بیرکەی سەرەکی لە خۆ گرتووە:.
1) چونکە پارادۆکسی بوون سروشتێکی وای هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی عەقڵانی نییە ، بۆیە مەحاڵە باس لە بوون بکرێت.
2) کۆ دەرئەنجامەکانمان سەبارەت بە بوون نادروستن چونکە عەقڵ ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست هەست بە بوونی جیهانی دەرەکی بکات و هەر بۆیەش مەحاڵە بزانێت.
3) سەرچاوە و تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی گوێگرە لە بوون بە هەی بتوانایی زمان لە دەربڕینی بوون بە شێوەیەکی دروست و کامڵ و نەتوانینی گەیاندن و لە ئەنجامدا نەزانین بەهەی ناتەواوی زمانەوەیە. نموونەیەک لەم ئارگیومێنتە: تێگەیشتنی ڕێنگ هەوڵدەدات لە ڕێگەی وشەسازی و بیستنەوە مەحاڵبوونی تێگەیشتنی ڕێنگ بسەلمێنێت.

بە بەچوونی گەرگیاس، بەو پێیەی مەحاڵە بزانین، بۆیە فەلسەفە نابێت ئامانجی زانستناسی (مەعریفە) بێت، بەڵکو دەبێت ئامانجی ژیانێکی بەرز و باش بێت. کاتێک ئەفلاتون لەی پرسی ئاخاوتن چییە؟ گوتی باڵاترین هونەر لەم ژیانەدا قسەکردنە و بابەتی قسەکردن تەنها وشەیە، باسی لەوە کرد کە ڕاستی و درۆ و ڕاست و هەڵە لە هونەری قسەکردندا گرنگ نین. ئەفلاتون ڕەخنە لە قسەکانی دەگرێت و دەڵێت واتا "ڕەوایەتیدان بە درۆ". لە ڕاستیدا گەرگیاس مەبەستی ئەوە نییە کە فەلسەفە مەعریفە دروست دەکات، بەڵکو شتێکە کە درک بە ئامانجەکانی مرۆڤ بکات و خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ بکات.

بە لە ڕوانگەی جۆهەری فەلسەفەوە سێیری ئەو شتانە بکەین کە گەرگیاس لە سەرەوە گوتی: لە ڕاستیدا تاکە ئایدیالی فەلسەفە دەزینەوەی حەقیقەت و ڕاستییە و لەسەر بنەمای ڕاستی دامەزراوە. سروشتی حەقیقەتگەری فەلسەفە لە پشتبەستنی بە لۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێت وەک بەبەی پشتیەتی، کە تاکە ئامرازێکە کە عەقڵی مرۆڤ لە کەوتنە هەڵەدا دەپارێزێت. هەروەها لۆژیک هاوشێوەی تەرازووە. بەو پێیەی بەچوون هیچ ئایین و نەتەوە و ڕەگەزێکی نییە، تەنیا بە پشتبەستن بە لۆژیکەکەی مرۆڤ دەتوانێت خەی لە چەقاندنی لە بەرامبەر وەهم و ساختەکارییە جەراوجەرەکانی بیروڕا بەدوور بگرێت.

هەروەها توانای وەستانەوە لەسەر حەقیقەت لە لۆژیک و عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

کاتێک پرسیار لە ئەرستۆ کرا کە فەلسەفە چییە؟ بە کورتی دەیگوت "زانستی هەکار و کۆتاییەکانە". ئەرستۆ بەم جۆرە وەڵامی دایەوە، ئەفلاتون لە لەکدانەوەیەکدا ئەڵێت: "فەلسەفە ئامادەیە بۆ مردن" لە هەوانگەی ئایدیالی دەستبەجێ و لە لەکدانەوەیەکی دیکەدا، لە هەوانگەی ئایدیالی درێژخایەنەوە، "فەلسەفە هەوڵی مرۆڤ بوون بوون." تا ئەو جێگایەی کۆپی دەکرێت وەک خودا بێت". بەگوێرەی لەکدانەوە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکان، زانینی هەکار و ئامانجی بوون، هەروەها دەزینەوەی حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەت و گەیشتن بە حیکمەت، هەکارە سەرەکییەکانی بنیاتنانی فەلسەفەن. لە هەوانگەیەکی تردا، پاککردنەوەی ڕۆحە لە دونیای ناتەواوەوە بۆ جیهانی سەروەری کامڵ و خۆ ئامادەکردنی بۆ مردن، واتە ژیانی دوای مردن، یان قیامەت بە زاراوەی ئایینی ئیسلامی.

جۆهەری حەقیقەت لای کیندی و ئیبین سینا لە قوتابخانەی ئیسلامیی.
کیندی کە بە یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی ناسراوە، لە وتاری "لەسەر فەلسەفەی یەکەم"دا فەلسەفەی بە "هەوڵدان بە زانینی ڕاستی وجود تا ئەو شوێنەی پێوەندی بە توانای مرۆڤەوە هەیە" پێناسە کردووە و هەونی دەکاتەوە. لە پێناسەیەکی دیکەدا دەڵێت "فەلسەفە خۆناسینی مرۆڤە". سەرنجەکانی کیندی بە تونڕی ڕەنگدانەوەی پێوەندی نێوان زانستناسی و حەقیقەتن، هەروەها ئەوە نیشان دەدەن کە ئایدیاڵی فەلسەفە دەزینەوەی ڕاستی و زانینی ڕاستە. ئیبن سینا کە بە پاشای فەیلەسوفە ئیسلامییەکان ناسراوە، فەلسەفە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "مرۆڤ بە زانینی ڕاستی شتەکان دەگاتە کامڵبوون".

بە پێچەوانەی فەلسەفەوە، حەقیقەتی ڕەها یان زاراوەیەکی تر بە حەقیقەتی ڕەها یان حەقیقەتی ئەبەدی بوونی نییە و مەحاڵە بە تەواوی حەقیقەت بناسین، کە مامەڵە لەگەڵ حەقیقەتی ڕێژەیی یان زاراوەیەکی تر بە حەقیقەتی بابەتیی دەکات. لای ئەوان ڕاستی ڕێژەیی و چاکەی بوارێک گوزارشت لە چاکە ناکات لە بوارێکی تردا و کردارێک کە بە تاکێک ئەخلاقی بێت ناتوانێت بە تاکێکی تر ئەخلاقی بێت، ئینکاری ڕاستی یان جۆهەری شتگەلێکی وەک ئەخلاق، جوانی، و چاکە، پەوەرکانی ئەخلاق و چاکە لە حەقیقەت جیا دەکاتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە "فەلسەفەی مرۆڤ"ی مرۆڤ سەنتەری بنیات ناوە کە لەسەر بنەمای زەمینەسازی مرۆڤ لە ناوەندا دامەزراوە. بەڵام فەلسەفە لە بەرامبەردا لە ڕوونکردنەوەی جۆهەری شتەکاندا، مرۆڤ یان

بەرژەوەندی مرۆڤ ناپووت، بەڵکو حەقیقەتی ئەبەدی یان حەقیقەتی هەڵدەپووت. بە واتایەکی تر لە کاتێکدا پووڕکانی فەلسەفە بە حەقیقەت و مەعریفە لەسەر بەرژەوەندی مرۆڤ دامەزراون، پووڕکانی مەعریفە و مەعریفەی فەلسەفە لەسەر بنەمای حەقیقەتی ئەبەدی یان حەقیقەتی هەڵهایە.

ئەگەر بتوانین باسی ئەخلاقی گەردوونی بە فەلسەفە بکەین، مەحاڵە باسی ئەخلاقی گشتگیر بە فەلسەفە بکەین. چونکە ئامرازێکی تری گرنگی زانست بە پەوانەوەکردنی بوونەوەکان بریتییە لە تیۆری هەژایی کە پەیوەندییەکی نزیکی بە بنەمای گەڕانکاری لە فیزیادا هەیە و بە ئەگەری بوونەوەکان بە ئەنجامدانی گەڕانکاری لە پەوەندی لەگەڵ مرۆڤ و ژیانیدا بەکاردێت. بە واتایەکی تر لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا هەڵەی هەیە.

فەلسەفەی حەقیقەت لە قوتابخانەی ماتریالیزمی دا

ماتریالیزمی دیالکتیکی، هەوتەک کە مارکس و ئەنگەڵس دەستیپێکردووە، بە ئیدیعاکردنی ڕاستی بابەتیی، ڕاستی ئەبەدی، واتە میتافیزیک هەتدەکاتەوە. ئەگەر ڕاشکاوانەتر بڵێین، هەوەدەدات گەردوونی میتافیزیکی پووچەڵ بکاتەوە بە یەکمایەتیدان بە گەردوونی فیزیکی. لە جیهانی یەنانیدا، لە دیمەکریتەسەوە دەست پێدەکات، "هەڕ لە ماددە پێکهاتووە". هەوانگەڵ، واتە قوتابخانەی فیکری ماتریالیست-ماتریالیستی ئەمڕۆش لەگەڵ قوتابخانەی فیکری ماتریالیستی بە هەبڕایەتی مارکس و ئەنگەڵس بەردەوامە، ئەو بیرکەیە ئەوە هەتدەکاتەوە کە ڕاستییەکی جێگیر لە حەقیقەتی گەردوونی و ئەخلاقی گەردوونی و دادپەروەری گەردوونیدا هەیە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤایەتی پووڕکەی ڕاستی و دادپەروەری و ئەخلاق. بەڵام مرۆڤ شوێن حەقیقەت دەکەوێت، حەقیقەتیش شوێن مرۆڤ ناکەوێت.

سەرئەنجام

لە کۆتاییدا ئەگەر لە ژێر هەشنایی عەقڵ و لۆژیکدا سەیری ئەم کێشەیە بکەین، بەمان دەردەکەوێت کە حەقیقەت جەوهەری خۆی هەیە. زەوتکردنی جەوهەری حەقیقەت یان حەقیقەت لە خۆی و نکۆیکردنی بوونی خۆی بە جەبەجێکردنی تیۆری هەژایی بە حەقیقەت یان حەقیقەت و نکۆیکردن لە سروشتی هەسانی بوون و بە ناسروشتی کردنی، هاوتایە لەگەڵ نکۆیکردن لە سروشت لە هوانگەیەکەوە. وەک ئەوە وایە پیاوەک حەقیقەتی پیاوسالاری بخاتە ناو هەژیەوە و بانگەشەی ئەوە بکات کە ژنسالاریش بوونی هەیە، یان مەحاڵە بە هیچ شێوەیەکی ڕاستەقینە باس لە پیاوسالاری بکرێت. وەک گەرگیاس، دەڵێت "کە حەقیقەت بوون نییە.

ئەگەر هەبێت، ناتوانین بیزانین، یان ئەگەر بیزانین، ناتوانین هەوونی بکەینەوە. بە مانایەک گومانی لە بوونی بوون هەبوو، تیۆری ئەژیی ئاکشا بە ناو ئینتەلێژیا و چووە ناو ئینکاری بوون. دوای ئەم کێشەیە کێشەی بوونی خودا بەدوای خۆیدا دێنێت، هەروەها تیۆری ئەژیی سەبارەت بە بوون و یەکگرتوویی خوداییان بەکارهێنا بە ئاکشانی کێشەی ئەگەری یەکگرتوویی و فرەیی. لەم هەوانگەیەوە تیۆری ئەژیی ئەکسکی تایبەتی هەیە لە ئینترپەسنتریزمی ئەوان و لە فەلسەفەی سارەکی خەیاندا. تیۆری ئەژیی بنەمایەکی بنەڕەتییە لە فیزیادا و ئەوەش دەرئەنجامی ماددە و گەردانکارییەکانی، یان بەهای ئەژیی، کە لە بوونە فیزیاییەکاندا هەیە. بەو پێیەی بوونە میتافیزیکییەکان لە ماددەی بنەڕەتی پێکهاتوون، جێگیرن، ناگۆڕن و لەبەر ئەوەی ئاستییەکانیان بە هەمیشە ئاستن، ئاستییە ئەبەدییەکانی سروشتی "ئاستی ئاستییە نەگۆڕەکان"یان هەیە. لەم هەوانگەیەوە، چونکە لە هەوانگەی لەژیک و عەقڵەوە ناتەبایی هەیە، هەروەها لە هەوانگەی واقیع و ئاستییەوە، بناغەی فیزیکی بە میتافیزیکەوە ببەستراتەوە، بناغەی میتافیزیکیش بە فیزیا، ناوەکە لە تیۆری ئەژیی لەگەڵ میتافیزیک و ئەخلاق و بەهاکانە، واتا سابساتا یان سڤستایی بەبازاڕکردنی ئەژیگرایی بە ناوی فەلسەفەوە لایەنگری گووماناوکان نییە، بەڵکو پشتگیریکردنیشە لە حەقیقەت بەرامبەر بە درۆ، ئاست بەرامبەر بە هەڵە.

سەرچاوەکان:

فارسی

-رساله سوفسطایی افلاطون جلدی۲ نویسنده: افلاطون. مترجم: علیرضا ساعتی. نشر: پرسش. ۱۳۵٦.
-کتاب هنر همیشه بر حق بودن. نویسنده : آرتور شوپنهاور. مترجم : عرفان ثابتی.. نشر: نگار ۱۳۷۸.
-نام کتاب:خرید کتاب دیالکتیک طبیعت اثر فردریش انگلس از نشر شفیعی. ناشر:شفیعی. نویسنده:انگلس. مترجم:فرامرز نسیمی۲۰۲۰.

عەرەبی

-كتاب. كارل ماركس أو فكر العالم. مولف: جاك اتالي. ترجمة من الفرنسية: صباحز الناشر: دار كنعان للدراسات و النشر. سنة 2018م.
-كتاب رسائل الكندي الفلسفية. مولف: كندي. قسم الفلسفة المعاصرة. الناشر: دار الفكر العربي. لسنة 2017.

ئینگیزی

A History of Greek Philosophy, Volume 3: The Fifth Century

من باوەڕ ناکەم!.. نووسینی: نووسەرو هوونەرمەندی تەشکیلی عێراقی/ عەفیفە لوعەیبی

وەرگێڕانی: حەسەن ئازانی

من باوەڕناکەم، باوەڕ بە هەمووشتێک ناکەم کە لە کتێبە ئایینیەکاندایە هەتا ئێگەر ڕاستیش بێت، ئەوەی کە لە سەدکانی ڕابردوودا بە ژن دەگونجا لەو سەردەمەی ئێستادا ناگونجێت، هەروەها پێ بە دەمم دەیێم کە من کەم عەقڵ نیم وەکو کە لە حەدیس دا هاتووە، عەوەڕت و ڕووتیش نیم وەک و کە لە حەدیسێکی تردا هاتووە، هەروەها وەکو سێگی ڕەشیش پیس و گوناو نیم تەنانەت وەک و سێگی سپیش.

ئازی نابم کە لە ئێگەری کوشتنمدا بگووترێت پارێی خونەکەم نیوی پارێی خونی پیاوە، هەروەها من هیچم لە پیاو کەمتر نیەو پیس و گوناویش نیم هەردەستم بەر پیاو بکەوێت دەستنوێژی بشکێت، ئەوەندەش بەهەست نیم تاکو چوار مانگ و دە ڕۆژ لە ماڵدا ماتەمینی بگرم بە پیاوەک کە ڕەنگە لە ژیانیدا بە دووشت خۆشی پێنەگەیاندبم، وە قەبوڵیش ناکەم کە لە ماڵدا زیندانی بکرێم هەر بە ئەوەی کە بە هەی منەوە پیاوەک دووچاری گوناح نەبێت، وە ئازیش نابم کە ڕوخسارم داپۆشم هەروەک کە پێم شێرم بە بەدڕەوەبە، من نە شووشەم و نە پەراسووی خواروخێچیشم، ئازیش نابم کە شوو بە جانەوەرەک بکەم و ژیان لە نێگبەتیدا بەسەربەرم.

بچی دەبە نوێژ بکەم و ڕۆژوو بگرم و بچمە حەج و تەواوی ئەرکەکانی خواپەرستیش بجێبێنم وکاتێکیش کە دەمرم و مەردەکەم لێم ئازی نابێت و گەردنم ئازاد ناکات دەبە بچمە دۆزەخەوە؟، هەروەها بچی دەبە کاتێک کە لەناوجێدا داواکاریی مەردەکەم بجێناهێنم فریشتەکان لەعنەتم لێبکەن و کاتێکیش کە من لە ناوجێدا داوایەکم لە مەردەکەم هەبە ئەو گوێم نادات وهیچیش بە ئەو نابێت و

فریشتەکانیش هیچ لێی ناغەزرن؟، وە بەچی دەبێ کاتێک کە بابم دەمرێ، یاخوا تەمەنی درێژ بێت، میرات بە قەدەر نیوەی هی براکەم بدات بە من هەرچەندە کە براکەم لەوەتی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە بەخەی ژیاوەو ژنیکی ئەمریکیشی هیناوەو لە ماڵی خێدایەو زۆر بەدگەمەن لە بابی دەپرسێت و هەر منم کە ئاگام لە بابمەو کە نەخۆشیش دەکەوێت هەر منم کە خزمەتی دەکەم و شەونخووننی لەسەر دەکەشم و هەمیشە بەلایەوەم و پارێشم بەچاوسەری نەخۆشیەکەی لەخەرج کردووەولەسەر بابیشم مەردکردن و زۆر شتی تری پێیوەند بەژیانی خۆشم وەدواخستووەو ئێستاس ئەوە منم کە دەستکورتم و پەویستم بە پارەیەو براکەم دەوڵەمەندەو هیچ پەویستی بە میراتی بابم نیەو کەچی سەرباری ئەوەش دەبێ من نیوەی ئەوم بدرێتێ؟.

هەروەها قسەبوە ناکەم وەکو کەیلەو کەنیزەیەک لە نەوچوار کەنیزەدا کە پیاو شەش جار لە مانگێکدا دێت بەلام و لەگەڵمدا دەخەوێت واش نیشانم بدات کە ئەوە چاکەیەکە لەگەڵ منی دەکا، وە هەرگیز ڕازی نابم مەردەکەم لەم بدات جا با بەدار مسواکی ددان پاک کەرەوەیەکیش بێت بە بەهانەی ئەوەی کە من ژنم و بە بەهانەی ئەوەی کە پیاو مافی دیسپلینکردنی ژنەکەی خێی هەیە، وە قسەبوەیش ناکەم کە مەردەکەم ەەتی بکاتەوە کە هاوکاری داراییم بکات بە چاوسەری نەخۆشیم و بە بەهانەی ئەوەی کە لە ەووی شەرعیەوە ئەرکی ئەو نیە کە چاوسسەرم بکات یان کاتێک کە دەمرم کفنم بە بکەێت. ڕازیش نابم کە مەردەکەم درەم لەگەڵدا بکات چونکە لە ەووی شەرعیەوە درەکردن لە گەڵ ژن ەەپەدراوە.

جێی داخیشە کە من منداڵم وەسک دەکەوێت و دەم بێت و پەروەردەشی دەکەم و لە کەتاییشدا بە ناوی باوکیەوە بانگ دەکرێت بە ئەوەی هیچ ئاماژەیێک بە ناوی ئەو کەسە بەهنرێت کە لە گەیدا ماندوو بووە ، هەروەها ئەوەش دەم کوژێت و ئازارم دەدات کاتێک منداڵی نەرینە هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە سەرپشک دەکرێت لە نەوان داک و بابدا کە بیانەوێت لەک جیا ببنەوە ئاخەلەگەڵ کامیان دەیەوێت بژیت بەڵام کچ دەدرێتە بابی جا با دەستبەگریانیش بکات یان خۆشی بەدایکیەوە بنووسنێت و نەیەوێت لەی جیا ببێتەوە، هەروەها جێی داخیشە کە ژن هیچ مافێکی نیە لە دیاری کردنی چارنووسی خێدا و مەرد دەتوانێت کەی ویستی ژنەکەی تەڵاق بدات و کەنگەش ویستی دەتوانێت بیهنێتەوە لای خێی وهەروکو بزنەکیش وایە کەی ویستی لەی دەخوێت و کەنگەش ویستی دەیفرۆشێت، هەروەها جێی داخ کاتێک کە ژنەکە داوای جیابوونەوە دەکات پێی دەگوترێت دەی زووبە مارەیبڕکێت وە مەردەکێت بەدەرەوە جابا شەست ساڵیش تێپەیبێت بەسەر ژن و مەردایەتیەکیاندا، جێی داخیشە کە ژن لە کاتی مارکردنیدا بەک

مارەیی دەدرێتە هەروەک ئەوەی وایە کە کایەک بێت و بیکەن.
قەبووڵ ناکەم کە خۆم لە بری خۆن بدەن و پێشم بڵێن کە سپێو پێنەزانم لە کاتێکدا ئەو ئاکارانە لە پیاودا زۆرتر بوونیان هەیە وەک لە ژناندا، وە هازی نابم کە من و خوشکەکانم وەک بەکایەک بین کە خودا بابمانی بە ئێمە تاقی کردۆتەوە کە کچی بووین و جا ئەگەربابمان ئارامی گرت لەسەر ئەوەی کە ئێمەی هەن ئەوا ئەو دەچێتە بەهەشت، وە بەچی دەبێ لە ڕەحمەتی خوا بەبێش بکرێم لەسەر ئەوەی کە تاکێک لە برەکانم هەڵدەوڕێت یان تووکی دەستکرد بکەمە سەرم، وە بەچی دەبێ فریشتە ڕوونەکاتە ماڵمان کە من قژم بەدرۆوە بێت، هەروەها بەچی دەبێ کاتێک کە مردەکەم دیارنامێنێت و هیچیشی دەربارە نازانم دەبێ من چوار ساڵان خەبگرم ئینجا دادوەر فەرمانی جیابوونەوەم پەسند دەکات، وە بەچی دەبێ سەرباری ئەو هەموو سووکایەتیەی کە بەژن دەکرێت و کەمترێ لە پیاو بێ پاساوی ئەوەی کە پیاو بەتواناترەو ژیرترە هەر بەبێش پیاو کراوە بە پارێزەرو بەرپرسیاری ژن، بەڵام کاتێک کە ژن هەڵەیەک دەکات بە هەمان شێوەی پیاو سزای خۆی وەردەگرێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەگوترێت کە ژنان زۆرترین خەکانی دەزەخن.
من دەزانم کە زووربەی ژنان بەوە هازی نین بەڵام ئەو ناهازیبوونەی خۆیان دەرناخەن و لە دڵی خۆیاندا دەیشارنەوە و هەوێیش دەدەن کە شێوەی بیرکردنەوەکەیان بگۆڕن کە دەنێ سەر ئەو بابەتانە لەبەر ئەوەی لەو جۆرە بیرکردنەوانە دەترسن تاکو ئایینی ئیسلام ناشیرین نەکەن و نەکەونە ناوبەرەی بەباوەڕانەوە.
من بەڕاستی بەزەییم دێت بەو جۆرە ژنە موسڵمانانە بەڵام کاتێک کە دەبینم ئەوان بەوحاڵەی خۆیان هازین پێیان دەڵێم:" ئارەزووی خۆیانە" بەڵام من مەڵقم و کەڵامەتم هەیەو عەقڵم هەیەو دەشبینم کە مردەکەم لە من ژیرتر نیەو لە منیش باشتر نیەو ئەو شتەکیشی نەکردووە کە من نەتوانم بیکەم کەواتە بەچی دەبێ من لەو کەمتر بم هەتا ئەگەر بە پلەیەکیش بێت؟،
بە چاوی خۆمان بارودۆخی ئەو وڵاتانەمان بینی کە بەجگە لە پیاوان کەس فەرمانڕەوا نیە تێیاندا کە بە شێوەیەکی ڕەها پیسترین بارودۆخیان هەیە بە پێچەوانەی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی کە ژنان هاوبەشی پیاوانن لە بڕیاردان و دەرکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا . لەوبارەوە ئەوەندە بەسێ کە ژنە سەربازکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بە نموونە بهێنینەوە کە چۆن پیاوی عێراقی و ئەفغانیان نابووت دەکرد و ئەوەی کە کوشتیان کوشتیان لەو پیاوانە.
قسەیەکە هەندە گوتراوەتەوە لەبەرمان کردووە و کەسیش باوەڕی

پەناکات بەجگە لەوانەی کە عەقڵیان بەکارناهێنن، جا ئەگەر پیاو مارێیی دەداتە ژن و ماڵ و حاڵ و خواردنی بۆ دابین دەکات خۆ بە هەمان شێوەش کە دەچێت بزنێک دەکڕێت شوێن و خواردنی بۆ دابین دەکات.
من دەزانم کە ئەوەی پیاو باوەڕتان بێو پاساوانەی خۆتان نیێو بۆ دنیاییەوە دەزانن کە ژن سوکایەتی پێدەکرێت بەڵام لەبەرهەیەک یان شتێکی تر خەبەزلزانن و بەگژش بۆ ئەوە ئەوەیە هەرکاتێک کە من دەربارەی ئەو بابەتە قسەم لەگڵ یەکیک لە پیاوان کردووە دەستیان بۆ قسەکردنی زۆر کردووە تا گەیشتوونەتە شوێنێک کە گووتوویانە ئیتر بەسەو ئەو بابەتە داخەو هیچیتر لەسەری مەڕۆ. بەڵام هەر کاتێک کە بیر لەو بابەتە بکەنەوە ئیتر وەک چۆکوچێک هەمیشە ئەو بابەتە بەسەر سەریانەوەیە!

https://www.facebook.com/groups/496093623891552/?hoisted_section_header_type=recently_seen&multi_permalinks=2392916684209227

سیاسەت.. نەژاد عزیز سورمێ

ئەوەی باێندە نییە
وا باشترە لە بەرزایی و هەدەران هەڵلانە چێ نەکا..
نیتچە

یاقووتی شاراوە ، لەو قووڵاییانەدایە کلیلەکانی تێکەوتووە..
حەقیقەت وەك ڕۆژ لە ڕۆژان هیراکلیتس گوتی بۆ هەموو کەس نییە ، حەقیقەت تەنیا بۆ ئەوانەیە هێزیان هەیە.. مرۆڤ ئەوەندەی ئولفەتی بەهەردوو شێوشی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا گرت و لەگەڵیاندا هاتەوە ، پەناچێ ئەوەندە متووی جیهانایەتی و شێوشی گەیاندن و دەرهاوێشتەکانی بێ..
دەگمەن و نائاشنایی لەیەك سەرچاوەوە دێن و وەهم لە خەیاڵاندا جێگیر دەکەن..
چیت دەوێ بێت باس بکەم ؟
هەمووی ئاکام دەبێتەوە خەڵەمێشی ئەوەی پێی دەگوترێ)سیاسەت) ، کە پاشان خاکەشین بە ڕۆژنەیەك شوێنەواریشی نامێنێ..

ئەو چەشنە ئاگردانانە بەو سیما و قاوخانە سپێدەیان لێ دەرناکەوێ..
ئەوەش یاریيەکی دیکەیە لە ئاڵۆمپیادی خەهەخستن و پشبڕکێ و ماراسۆنێك لە بنبەستدا کە سەرەتا و کۆتایی دیار نییە..
ئاوازی مرۆڤدۆستی تێدا ونە…

هەموومان بەشتێکەوە خەریکین تێیدا بەهەد نین..
هەموومان بە سیاسەتەوە مژوولین و ڕۆگامان لە ئەهلی کار تەنگ کردووە..
یاقووتی شاراوە لەوێدا نییە خوشك و براینە)باوەکو وای لێ هاتبێ خێری زیاتر بێ)
یاقووتی شاراوە ئەوەتا ؛ لەو کۆگانەیەێ ەگی مرۆڤیان تێدا ێواوە…

نێوت و ڕۆکێوتـــــن لێ نێخشێی بارزانیدا.. عوسمان حاجی مارف

مەزندەی ئێو دەکرێت گوایێ دەوڵەمەندترین حزبی دنیا "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"ێ، ئێم دەنگۆیێ چەندێ واقعی بێت یان نا، لێوێ کەم ناکاتێوێ کێ ئێو حزبێو خانێوادەی بارزانی یەکێ لێ پلێ بەرزترین ملیاردێرەکانی دنیان. سەرچاوەی سەرەکی ئێم سامانێ بەشومارەش جگێ لێ بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان، شتێکی تر نیێ.
بنەماڵەی بارزانی لەژێر ناوی حزبی دیموکراتداو بێ هەزی چەکداری، بەدوای چەندین ساڵ بێ سەوداو مامەڵە و بازرگانی بێ مەسەلەی کوردێوێ، دواجار لەسەروبەندی شەڕی کەنداو و داگیرکردنی عێراق لەلایێن ئێمریکاوێ، توانیان ناوچەیەکی ستراتیژی لێ خاکی کوردستانی عێراق، بخەنێ ژێر کۆنترۆڵی دەسەاتی هەزەکەیانێوێ، لەهەمانکاتدا دەسەاتەکی میلیشیاییان داسپاند، کێ ماوەی سی ساڵ زیاترێ بونەتێ بەاو کارەسات بەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئێو ناوچەیێوێ.
سەرەتا دەستگرتنیان بەسەر مەرزی برایم خەلیل و پاشان تاڵانی و قاچاخچێتی و بازرگانی بێ نێوت و دامەزراندنی کەمپانیاو کۆمپانیەکی

سەرمایە..، سەرچاوەی سەرەکی تەواوی ئەو نەخشەو پلانە سیاسیانەی بارزانیەکان بووە، کە لەلایەک هەرەمیان پێ بەڕێوەبردووە، لەلایەکی ترەوە چارەنوسی پێگەی کەشمەکەش و شەڕو هێکەوتن و پێوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەکانیانی دیاریکردووە.

بارزانیەکان لەژێر پەردەی هەر دروشم و بانگەوازێکی سیاسی و دەسەزی بە کوردستان و شانازی بەکوردایەتیەوە بێت، ئەو دیان ملیارە دۆلارەی لە کەرکەکی سەرمایەدا بەدەستیان هێناوەو لە بانکە جیهانیەکاندا پاراستویانە، دەرخەری بنەمای ئەوپەڕی ڕوخساری قێزەون و ڕیسوایی پێگەی هێزو دەسەڵاتی سیاسیان بوو لەدنیادا.

تەواوی مێژوی سەوداوماڵەی سیاسیان بەهەر بڕهایەکی نائینسانی و لەسەر بڕقوربانیکردنی ژیانی هەزاران ئینسان کەوتبێت، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی بڕیان پاراستنی دەسەڵات و پێگەو نفوزی سیاسی هێزەکەیان بووە، لەپێناو بەردەوامیدان بە تاڵانی و سەرمایەگوزاری و کەرکەکی سەرمایەدا. ئەم ڕوخسارە نائینسانیە لە دەسەڵات و گەمەی سیاسی بارزانیەکاندا، هیچ کات شاراوە نەبووە خەسڵەتێکی ئاشکرای پێکهاتەی هێزەکەیان بووە، لەچونەپێشەوەو شەڕو ئاشتی و هێکەوتن و پاشەکشە و شکستدا، هەمیشە خەڵکیان کردەتە قوربانی و قوربانی بە پێداویستی هەر ماماڵەو دەستکەوتێک مەبەستیان بووبێت.

هەموو ئەم واقعیەتە قێزەونەی بارزانیەکان لە هەر هەنگاوێکدا گەر ئەوپەڕی ملکەچی و شەرمەزاریشیان نواندبێت، لەوە دانەبڕاوە کە لەو ناوچە ستراتیژیەی جوگرافیای کوردستاندا هێزی یەکەم و باڵادەست و بەنفوزترین هێز بون و هەن. بەمانایەک سی ساڵ زیاترە ناوچەی زەنی زەرد قەرخکراوی ژێردەستەی دەسەڵاتی هێزەکە کەبە ویست و ئارەزوی بە بەزیانەن، یاری بە ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکات.

بەداوی چەندین ساڵ لە مێژویەکی پڕ مەینەتی و بەڵاو دەردیسەری و یاری و قومارکردن بە چارەنوسی نادیاری خەڵکی کوردستانەوە، کە بە هۆی هەردوو دەسەڵاتی میلیشیای بارزانی و تاڵەبانی بەڕێوەبراوە، جارێکی تر لەسەروبەندی هەلومەرجێکی قێیراناوی ئابووری و سیاسی لە دەوارنی ئێستای ناوچەکەدا، هەنگاوێکی تر لەو گەمە سیاسیانەی پارتی، مەسرور بارزانی بە ناچاری واژەی هێکەوتنێکی تازەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئێنجامدا، کە دەربارەی ناردنە دەرەوەی نەوتە بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی عێراق و کوردستان.

ئەم هێکەوتنە بە چەندین بڕچونی جیاوازەو بڕژەوەندی جیاوازەوە، خەریکە لێکدانەوەی شکستی بە دەکرێت، یا بەدەستکەوت و سەرکەوتن پێناسە دەکرێت، ئەمانەش جارە لێکدانەوەیەکن لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا تەنها دەگەڕێتەوە بە پێگەو مەوقعیەتی ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە هەر قێیران و دیاردەو ڕووداوو کارێکی سیاسیدا چ

[illegible]کیان هەیو چەندە بڕژوەندیان پەیوەست دەبێت بەو دیاردەو ڕووداوو قەیرانەوە، یا ئەو [illegible]کۆتنەی لێئارادایە. بەڵام واژەکردنی ئەم [illegible]کۆتنەی مەسرور و سودانی، تەنها [illegible]کۆتنی بارزانیەکان و حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسیدا کە ئاوگ[illegible]ک لە ناوچەی [illegible]ژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت.

ئەم [illegible]کۆتنە، لەلایەک سنوردارکردنی پارتیە لە ماهی[illegible]ی ئابوری و بازرگانی سەربەخۆ بە نەوتەوە، لەلایەکی ترەوە پابەندبونی گرێدانی زیاتری هەرێمە بە حکومەتی بەغداوە، بەو مانایەی سەربەخۆیی ئابوری و کوردستانی سەربەخۆ، لەسایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا تەواو قەدەغە کراوەو حزبەکانی کوردایەتیش هەم بە شەرمەزاری و هەم بە ملکەچی، بە ناوی سەربەرزیەوە ئەم پاشکۆیە بە هەتاهەتایە قەبوو دەکەن.

ئاکامەکانی ئەم ملکەچییە ناچاریەی بارزانیەکان بە حکومەتی عێراق، پێشوازی و قەبوڵکردنی ئەو ئاوگ[illegible]انەیە کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیکی نزیکدا لە ناوچەی [illegible]ژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبدات، کە بە دەورو دەخالەتی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ووڵاتانی ناوچەکە، هاوکێشە سیاسیەکان گ[illegible]انیان بەسەردا دێت بە مەبەستی هەوێدان بە زیاتر دابینکردنی ئارامی و دڵنیایی بوون لە دامەزراندنی سەرمایە لە ناوچەکە، بەم مانایە پێگەی هەزە سیاسیەکانیش پێویستە وەڵامدەرەوەی خە گونجاندن بن لەگەڵ ئەو ئاوگ[illegible]اندا، چونکە گەر هەر هەزێکی سیاسی نەتوانێ وەڵامدەرەوەی ئەو خەگونجاندنە بێت، ئەوە لە کاروانی ئەو گ[illegible]انکاریاندا بەجێ دەمێنێت، [illegible]کۆتنی پارتی و بەغداد بەشێکە لە پرسەی ئەو گ[illegible]انکاریە.

هەرێمی ئەو لەکداناوانەی تەنها لە فەلەکی نیگەرانی یەکیەزی کوردو پاراستنی شەوازی قەوارەی ئێستای هەرێم دەسوڕێنەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەولایەنانە ناتوانن وێنای پێشبینی ئەو ئاوگوڕانکاریانەو بکەن و ناتوانن لەگەڵ [illegible]وی ئەو قەیران و ئاوگ[illegible]اندا هەنگاو بنێن کە هەڵی تازە بە سەرمایە گوزاری و کەکەی سەرمایە بەجەرکی تر لە فەزای ئارامی سیاسیدا هەوێی بە ئەدرێت.

ملکەچیەک کە بارزانیەکان و پارتی پێشوازی لەدەکەن، یەکەم پێگەی سیاسیان وەک هەزی یەکەم لە هەرێمدا ئەو هەڵیان بە [illegible]خساوە، بەپیر [illegible]وی ئەو گ[illegible]انکاریانەوە بچن و لە شەوازو چوارچێوەیکی پەیوەندی تردا بڕژوەندیە ئابوریەکانیان بپارێزن و بڕدەوام بن لە هەوێیان بە جەرکی تر لە تاڵانچێتی و کەکەی سەرمایە. دووەم ئەوەی مەبەستیان نیە لە پرسەی ئەم گ[illegible]انکاریاندا، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە ئاخە بڕەو کام چارەنوس

هەنگاو دەنێت. مەسرور وەک نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی کە پارتی و بارزانیەکانە ئەم هێکۆتنەی واژە کردوە، نەک وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، لە نمونەو ئەزمونی تەواوی ئەو هێکۆتن و پێوەندیانەیە کە لە ماوەی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی بارزانیەکاندا ئەنجام دراوە، کەنەک هیچ پێوەندیەکی بە بەرژەوەندی زەرینەی خەڵکی کوردستانەوە نەبووە، بەڵکو مایەی هەژاری و بەدبەختانی و نائارامی زیاتر بووە. ئەم هێکۆتنەش لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا کە پارتی پێشوازی گەرمی لەدەکات، لەلایەن پارتیەوە بەناچاری کراوە بە پاراستنی هەزو دەسەڵاتەکەی لە ئۆگەری دامان! لەلایەکی تریشەوە دەنیایە کە تەنها بەمجۆرە هێکۆتنە دەتوانێت جارەکی تر خەسەت و پۆگەی تاکانچێتیەکەی دەپارێزێت.
کێشەی ئەم هێکۆتنەی ئێستای بارزانیەکان و حکومەتی ناوەندی، ئۆگەری ئەوە هەیە، لەلایەک پێوەندی نێوان حزبەکانی کوردایەتی پڕرشوبەاوتر بکات و نۆگونجانی زیاتری نێوانیان بخولقێنێت، لەلایەکی تریشەوە باڵادەستی و پاوانخوازی پارتی زیاتر خەی بنوێنێت.
واتە گەر هێچی نەهێزایەتیە جەماوەریەکان، فراوان بوون و خەڵکخستن و پشتەوی زیاتر نێنوێنێت بە کەتایی بەدەسەڵاتی پارتی و تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەوە بارزانیەکان و پارتی وەک مەتەکیەکی قورس و گران بەسەر سنگ و هەناسەی خەڵکەوە لەو قەیران و گەانکاریانەشدا وەک بەاو دەردیسەری درێژە بە ماوەی خیان ئەدەن.

کورتەچیرۆک/ پێشبینی و شتی تریش.. نەوزاد بەندی

لەگەڵکی ئەمدیو بارانکی زەر بە خوە بوو ، هەروەها لە گەڵکی ئەودیویش بارانکی بەخوە بوو ..بەڵام موختاری گەڵکی ئەو دیو پێی ناخۆش بوو بارانە ، چونکە کەشناسکی گەڵکی ئەمدیو پێشبینیی ئەو بارانی کردبوو .. پێش سپیەکان پێیان ووتبوو : قوربان ! گوێی مەدرێ.. ئەو کێیە تا بەڵ باران ئەبارێ یان کوللە ؟ .. ئەبێ

سوپاسی خوا بکەین ئەو دەشت و دەرە تینووەمان ئاوی خواردەوە .. باخەندە و گیانداران ..هەنگ ،.مەرووڵە هەموو تینوەتیان شکا ..
بەڵام موختاری ئەو دیو ، تووڕەییەکەی دانەئەمرکایەوە، کەشناسی خەیانی بانگ کرد ، گەنجێکی باریک و بنەس بوو ، لوتکی درێژی هەبوو ، کە زیاتر لە دەنووک ئەچوو هەتاکو لووت ..
(چۆن تۆ نەتتوانی پێش ئەو هایگەیەنیت کە بارانە؟ خەریکی چی بووی ؟ داغەی لووتە شمشێرییەکەت لێی دابووێت؟)
ئەم دەرچووی زانکۆیەکی ئەوروپی بوو ، هەر بۆیە خۆی تەک نەدا ، تەنها زەردەخەنەیەکی بە کرد و ..وتی : (نا .. دوێنێ محەوێلەی گەنمەک سووتا .. ئێنتەرنێت بۆا .. لە کوێوە ئاگام لە کەشناسیی بێ ؟)
موختاری ئەو دیو هەتا ئەو کاتە وایزانیبوو کەشناس ، وەک شاعیر ، ئیلهامی پێشبینیی کەشی بە دادبەزە و پێویستی بە کارەبا و هاگەیاندن و شت نییە ..
لە هەمان کاتدا، موختاری ئەمدیو ، داوەتی نانی ئێوارەی کەشناسەکەیانی کردبوو ، دوای خواردنەکی مام ناوەندی ، کەستەنیان ئەبرژاند .. کەشناسەکە زۆر بە کەستەنە تەک ئەچوو ، تەنانەت جارەکیان وتبووی : پشقلخواردن لە کەستەنخواردن باشترەکە ..
بەڵام لای موختار نەیدەتوانی وا بێ ، چونکە موختار هەوادارەکی دەرینی کەستەنە بوو ، لە توکیاوە بە فەردە بەی ئەهات ، شوێنەکی تایبەتی لەسەر ئاگردانەکەی بە کەستەنە برژاندن دانابوو.. کە دەکەوتە کفەکف ، هاواری لە بەرز ئەبەوە : وای کە خۆشی .. ئای کە خۆشی ..!
بە کەشناسەکەی ووت : ئەمە سەری چەندەمین جارە تە سەری من بەرز ئەکەیتەوە ؟
کەشناسەکەی ئەمدیو، دەرچووی چواری سەرەتایی بوو ، ماوەیەکی زۆر بەو شاخانەوە قاچاخچی بوو .. چا و ئەرزاقی بە هەستر ئەبرد بە ئەران و .. لەوێشەوە فەرش و بەتانی و شتی دانسقەی دەنا .. تاقەی زۆر لەکرا بوو .. پەنجەی شایەتمانی دەستی چەپی ، فیشەک بردبووی .. هەستری کوژرا بوو.. باری هەڵدەرا بوو .. بەڵام وازی نەهێنا بوو ..جا لەگەڵ قاچاخچێتیەکەیا، هەر عەشایریانە ، فەری کەشناسیی بوو بوو .. بەنی هەوای ئەکرد ، ئەیووت شپەلەکی باران بە هەوێ ، ئەوە پەلە مراویەکێ .. تەزەکی تر کەترەکان ئەفڕن .. بەنی خاک ئەکەن ؟ لەوە دایکرد .. چەشتەنگاو ئەگاتە ئەرە ! هاستی ئەکرد ..
سەیرەکی زەمینی ئەکرد ، پاڵئەکەوت ، چاوەکی دائەخست ، ئەوەی تریانی وەک سەڵەی بەنەو ، ووردە ئەکردەوە ، ئەیووت هەشبا و

گژۆکە بە ئاوێ ، خەرمانکان عیلاج کەن . . مەو ماڵات کەکەنوە ..
ڕاستی ئەکرد ..
سەیرکی موختاری کرد ، وەک ئەوەی باسی بارکی چایان دوو فەرشی دگمانی بیجار بکا ، ووتی : (ئەستەغفیرۆڵا .. من حەدم نییە ..سەری ئەوە هەر بڕزێ ، قوربان .. خزمەتکارتم .. نەکەرتم ..)
هەر لەو کاتەدا ، موختاری ئەو دیو ، تەواو تەنگەتاو بوو بوو ، ئەهات و ئەچوو.. باران بە ڕیشیا ئەهاتە خوارەوە .. کەمێک لە بەردەستەکانی بە چەتر و کاوەوە ، ڕاوەستابوون ، کەسیان زاتی ئەوەی نەدەکرد بیخاتە ژێر چەتری یان کاوە بتەپێنێتە سەری ، چونکە ئەیانزانی لە کاتی تووڕە بووندا ، بە هەموو جۆرێک شت ئەبڕێ ..
(مەلام بە بانگ بکەن)
مامەستا مەلا ناجی بەو شێوە بارناویە ، بە تراکسودەوە لە پەخەی خودا بوو . . کە لە دەرگا درا ، شکی نەبوو کە کەسک مردووە و بە تەلقین هاتوون بە دوایدا ، پەنجەرەی هەیوانی ترازاند و هاواری کرد : (برا چوار ساعاتی تر هەژ ئەبەتەوە ، بەم ناوەختە و بەم شستە بارانە ، فریای هیچ ناکەوین .. لە مزگەوت داینێن و با یەک دووانەکتان بە دیاریەوە قورئان بخوێنن ، ڕۆژ بەوە ئەیێنەژین !)
پاسەوانەکانی موختاری ئەودیو پەکەنینیان ئەهات ، لایان وابوو مامەستا مەلا ناجی تەکچووە یان خەواووە و وێنە ئەکا ..یەکەکیان هاواری کرد : (کەس نەمردووە ، موختار ئیشی پەتە .. موختار .. شوکور بە خوا ، کەس نەمردووە ..)
کە گوێی لە ووشەی موختار بوو ، بە خرایی خەی گورجکردەوە .. جلی ئیشی لەبەر کرد .. مەزرەکیشی بەست ..خەزانی داچەکی ، پێی ووت: (چیە؟ دیسان سەرقەبرانە ؟)
مامەستا بواری وەڵامدانەوەی نەبوو ، دوای دوو پاسەوانەکەی موختار کەوت ، کە دانیەکیان هەشتا پەکەنینی ئەهات ..
گەیشتنە جێ ، موختار هەر لە حەوشە ئەهات و ئەچوو .. بوو بوو بە جل ، تەواو خوساوەو ..دەیان چەتر و کاو بەدەستیش ئەهاتن و ئەیشتن و ئازایەتی ئەویان نەبوو نەختە خزمەتی بکەن ..
مامەستا مەلا ناجی وایزانی موختار تەکچووە .. هەر بەیە بە پیاوەکانی ووت : باوەشی پیاکەن و بیبەنە ژوورەوە ، وشکی بکەنەوە و جلەکانی بگۆڕن و لای زەپاکە داینێن ، با بەم نەختە موبیناتی بەسرا بخونم !
موختار لە جیاتی تووڕە بێ ، بە پێی خەی ، چووە ژوورەوە و ..بە

مامەستای وت تەیش وەرە .. بەڵام ئەوەندە تەڵ بوو ، شەپۆ شەپ ، ئەتووت بەناو جەگەلە ئاودا ئەژوا نەک بە ئەسپوی ناومادا ..
(مامەستا مەلا ناجی ! دەعایەک شک نابەیت باران ئاوەستەنەتەوە ؟؟)
(مەگەر ئەوەی حەزرەتی نوح ، قوربان)
(دە هەموو ئەو پیاوانە فەرکە ، خەت بیەڵە و با ئەوانیش بە کەرس لە دواتەوە بیەنەوە !)
تا خەر هەڵهات مامەستا بە دەنگەکی نووساوەوە هاواری ئەکرد :
(وقيل يا ارض ابلعي ماؤك و يا سماء اقلعي)
پاسەوان و پیاوەکانی موختاری ئەودیویش بە عەرەبییەکی شەق و شەڕ بەیان ئەسەندەوە کە هیچ لەو ئایەتە پیرەزە نەدەچوو ، بەڵام ئیتر بەیاری موختار بوو ، ئەبوو جە بە جە بکرە ..جار جار مامەستا مەلا ناجی پەی ئەووتن ئەسپ جوان بیەن ، ئەوە ئایەتی قورئانە ..قورئان ..
بەڵام سوودی نەبوو ، ئەوان عەرەبییان نەدەزانی و ئەهلی مزگەوتیش نەبوون ..
لە کەسانی ئەمدیویش ، موختاری ئەمدیو ، بەو شەوە داوای کرد مامەستای سروود بانگ بکەن بەی
گەرانیەژ بوو ، پەکەوە ژیانەکی خەش ئەژیان .. وای هەست ئەکرد مەردەکەی بیتهەڤن بە ، ئەمیش وەک سیلەن دیەن ئەوی ئەبینی ..لەو شەوە بارانەویدا ، باوەشیان بە یەکتردا کردبوو ، تاکە شت کە لە بەرژەوەندیی ئەو ئاوەتەبوونە نەمانسیەتا نەبوو ، فاسیەیای نانی ئەوارەیان بوو ، سکی مامەستای میوزیک بای کرد بوو ، ئەبوو جار جار بە ناوی ئاوخواردنەوە پەخەف جەبەڵە و بەوا لە ژووری ئەو دیو هەندە هەوەی خە خالیکردنەوە بدات ..
کە لە دەرگا درا ، ژنەکەی پەش خەی ئاچیکی .. هەردووکیان زەر ترسان .. خەیالیان بە ئەو سروودە نیشتمانییە ئەچوو کە هەشتا بەاویان نەکردبەوە و ئاسایش پەی زانیبە و نیشتبنە سەریان .. یان هەنگە سەرخەشە بە ، لەی تەک چووبە ، لە دەرگای ئەمان بدا ..بارانەکەی تا ئەهات بەخوەتر ئەبوو.. دەرگا کوتانەکەیش قایمتر ئەبوو .. هەر لەو کاتەدا کارەبایش کوژایەوە .. لایتی شەحن لە ژوور سەریاندا دانرا بوو ، دایانگیرساند .. خەزانی ووتی :نەخەتابی بچیتە دەرەوە .. ئەتکوژن..
ئەمیش دەستەکی ، دەستی ئەو و دەستەکەی تری دەسکی لایتی شەحنی گرتبوو ..
کەبەیاری دا دەرگا نەکاتەوە ..دووان خەیان هەڵدایە حەوشەکەیەوە ، ئەم داماوە تەنها کەمانچەیەکی هەبوو ، بە چی بەرگری لە خەی بکا ؟ ژنەکەی ئەلەرزی و ئەگریا ، ئەمیش دەنیای ئەکردەوە لەوەی بەس

ئەمشەو ڕۆژگاریان بە سەبەنە کەاشینکەفەک بکەێ ..کەمانچەی خوێی بەکاری چی دێ ؟
کە دوو پاسەوانەکە خەیان ناساند ، کەمێ هەوربوونەوە .. مامەستا پەی ووتن : ئە کوێی باوکم ! کەی ئەستا کاتی بانگردنە ؟ تەزەکە تر ڕۆژ ئەبەتەوە ..چۆن هەڵئەقوننە ناو ماڵان ؟ لە ستەلایت و ئەنتەرنەت و شت ، هیچ فەر نەبوون ؟
پەیان ووت: قوربان لە تە زیاتر خەومان دێ ، بەڵام چی ئەڵێی ؟ ئەمری موختارە ..
یەکەکیان ووتی : زەحمەت نەبە ئالەت مەسیقاکەیشت بەنە لەگەڵ خەت ..
مامەستا لە داخا خەی نەگەیی ، ڕەبەکی لەبەر کرد و کەمانچەکەی هەڵگرت و لە گەیاندا چووە دەرەوە ..
کە گەیشتن ، موختار خوانەکی زەر جوانی ڕازاندبەوە ، هەر مامەستای میوزیکی بینی ، گورج ڕاست بەوە و باوەشی پیاکرد و ئەملاولای ماچکرد ..کەمێ گەنجی کوە کچی دەنگخۆشیشی کەکردبەوە و بە ڕێز داینیشاندبوون ..
مامەستای میوزیک سەری سوەما بوو ، لەگەڵ ئەوەی دیندار نەبوو ، یەک لەسەر یەک تەسبیحاتی ئەکرد : ئەستەغفیرەڵا .. سوبحانەڵا .. لا ئیلاهە ئیلە ڵا ..
موختار ووتی : (بە ئەرک نەبە ، لەبەر ئەم دەسکەوتە گەورەیە ، کە خەمان پەش هەمووان زانیمان باران ئەبارێ ، داواکارم تا خەر هەندە سروودێک لەسەر باران تەرتیب بکەن.. ئەوەیش کەرسەکی دەنگخۆشم بە ئامادە کردووین .. هەرچیەکیشت بوێت ، بێت دابین ئەکەم)
(خانوویەک و کەاشینکەفەک !)
(بە چاوان)
تەماشایەکی کەرسەکەی کرد و پەی وتن ، چی ئەمم بیەنەوە ..ئەوانیش سەرەکیان ڕاوشاند ، دیار بوو هەموویان لە خۆو ڕاچەکەنراون و هەنراون ..

(بارانە .. باران .. بارانی خۆشی . .)
هەموو بەیان سەندەوە : (بارانە باران .. بارانی خۆشی)
ویستی بڵێ : (موختاری خوێی تە شێ ئەفرەشی)
باش بوو فریا کەوت ..واتا فریای دەمی خەی کەوت ئەگینا زمانیان بە کردبوو بە شفتە ..
هەرچەندە گفتی کەاشینکەف و خانووی وەرگرتبوو ، بەڵام هەر تووڕە بوو ..خەوی شەوانی بارانی بە هیچ شتە نەدەگەیەوە ..
(ببارە زیاتر بە گوە و جۆشی)

کچی شتکی سیر ووی دا ، یەکەک لە کوڵە گەنجەکانی کەرسەکە ، هەستایە سەر پێ و بە هەموو دەنگی هاواری کرد :
(موختاری خوێندی تە شێ ئەفرەشی)
گەنجیان بە شەق و مشتکێ برد و .. سروود بەردەوام بوو ..ئەم واقی وەما ، ئەو کوڵە چۆن ئەو نیوە دێوەی لەم وەرگرت ؟ یان تە بڵێی خەی نەبووبە بە شەق بردبێتیان و نەیزانیبێ ؟؟ دەستکی بە گوڵەنکەی ڕەبەی برد ، خەی بوو .. بە شەق نەبرا بوو ..
سەرتان نەئەشنم ..چونکە ئەم جارە کورتە چیرەکانە تەواو نابن .. ڕەنگە حەفتا هەشتا ساڵ هەر درێژیان هەبێ و تەواو نەبن ..
بە کورتی : تا بەرە بەیان گەمەکی ئەو دیو ئایەتی وەستانەوەی تەفانی حەزرەتی نوحیان خوێند ..بە نەمانی باران .
گەمەکی ئەمدیویش سروودی بارانە باران ، بارانی خۆشیان ووت ، هەتا هەمیشە باران بێ ..
لەو ڕۆژە بە دواوە ، ئەم سروودە لە گەمەکی ئەو دیو قەدەغە بوو ..ئەو ئایەتەی حەزرەتی نوحیش لە گەمەکی ئەمدیو ، گەچەی بە زەر کەس دروستکرد ..

ڕەشنووسی شیعرێکی بزەکاو..
قەسیدەی: ستیڤان شەمزینی

من بوونەکی ڕاستەقینەم نەبوو
بوونەوەرێکی وەهمی بووم
ژنەکان لە ڕەحیاندا خەقاندیانم
بە نازەوە گەورەیان کردم
من وەک کاسپێر
بەنەو هەموو کات و زەمانەکدا
بەنەو ئەستووریی دیوارەکاندا
بە ئاسانیی تێدەپەڕیم
بوونەکی بەرجەستەم نەبوو
هەر لە تۆی کتێبەکاندا
وەک دەقەکی خەیاڵی نووسرابووم وە
چیرۆکەکی ئەفسوناویی بووم

لە پەنا و گوێ ئاگردانەوە داتاشرابووم
قالەنچەیەکی زەبەلاح بووم
لە منداڵدانی کافکاوە هاتبووم دەر
زەر جار لە ڕستەرانتەکاندا
پیتزا یان ئەدەنە کەبابم دەخوارد
ئەوەی پاروویی دەجوی
من نەبووم
منی ڕاستەقینە بە گەدە بەتاڵیی
لە ژەرزەمینی دەڕاوکەدا یەخسیر بووم
بەردەوام لە دەنادەندا بووم
لە پەستی کوێی ماڵە هەژارەکەوە
بە سەر سفرەی پەی خانەدانێک
لەوەوە بە لەقەوماوکی سەرجادە
هەمیشە گەشتم دەکرد
بەنەو خەمدا
خەم لە هیچ جێگەیەک نەدەبینییەوە
ژنە عاشقبووەکان
پیاوە ئیرەییبەرەکان
منیان لە قوڵکی خورافی دروست کرد
هەر خەیان بە نەفرەتیان کردم
وەک ئیبلیس لە خەیان بەبەرییان کردم
لە ئاسمانی سەفاوە
بە خەرەندی شیوەن فڕیاندامە خوارە
لەم سەرزەمینە کارەکم نەبوو
کڕپشتم کیلەیەک چکلەتی شیعر و
چەند گرامێک یاقووتی هەست بوو
خەم دەمزانی کائینکی سەیرم
هەموو ژنانی دنیام خەشدەویست
ژنی ڕەش ئەسمەر
ژنی چاو کەسک
ژنی باڵا بەرز
ژنی قژ کاڵ
ژنی زوڵف لوول
ژنی سپی پەست
ئەوەی لە کەتاییدا تێگەیشتم
هەر ژنکی شەرمنە
لە قووڵایی دێیدا هەڵیگرتووم

بۆنی هەموویانم بۆوە کرد
بە باشی دەتوە بیرم
ژنەکان فریویان دام
منیان لە وێنەکارەوە کرد
شاعیرەکی گەورە
ئەو تەکستە قەرانەی
لە بە تاقەتی خەمدا دەمنووسین
بە شاکار وەسفیان دەکرد
بەسەریدا دەتوانەوە
هەندەک رەحیان فیدا دەکردم
هەندەک بە شاسواری خەونەکانیان
لە قەڵەمیان دەدام
هەندەک بە میری شاعیران و
ژنەرالی عەشق
ناوزەدیان کردم
هەندەکی تر منەتیان دەکرد
لە چاوەڕوانی دەرکەوتنمدا
پرچی سپیان هەنیوەتەوە
ئاه من هەندە رووشکێن نەبووم
لەسەر ئەم رووپامایە سەخیفە
تەریقیان بکەموە
هەند رووگیر بووم نەمدەتوانی بڵێم
درکانتان
مەشکی شیعری بردم
نەمدەزانی بۆچی فەنتیکەک
تیانبگەینم
کەمێک کەلاوی دەتەنگن
لە پشت تەلاری سەزی منەوە
خەیان مەناس داوە
نەمدەزانی بە زمانی چ سەردەمێک
راستییەکە وەک دەک
لە زمانی هەراشیان بچەقنم
بە بە رووشاندنی پەستی ناسکی شیعرم
لە رەی دەقەکەوە تیانبگەینم
پێک تەرمی نەو جەنگی پیاوەکانی ترن
دەتان لە شوێنکی ترەوە کوناودەر بووە
لەم گیانەیدا

بە لاف و گەزافەوە
دەتانەوە لە تیانووسە بساماکەمدا
وەک دوا پەناگە بسرەون و
بە دەقە تەکانم
ئاورشنی چیمەنە وشکەهاتووکانتان بکەن
نەمدەتوانی پەیان بەم
پیاوەکی سەزانی نیم
راشکاوانە داوای شەوکی سوور بکەن
پەویست بەوە ناکات
بە درەی خشویستی گژ و وەم بکەن
چاک وەبیرم دەتەوە
چەن بە دەست خەم و
ئەو ژنانەوە گیرم خواردبوو
وەک گروپە هەنگ
شیلەی هەاەی شیعریان دەکرەژتم
مەخیان لە گەنجیی و
بە نەواییم خەش کردبوو
هەردەبوو کەتنەک بکەم
یەک یەک لە بەژنگیان بدەم
ئا، کەتنەکم نایەوە
رەنگە ئەمستا بیرتان بەت
پەش چەند ساەک
چ کەتنەکی گەورەم نایەوە
وەک ئەوەی پەردەی ئەزەنم دەاندبەت
یان بەمبی ئەتەمیم تەقاندبەت
نەفرەت وەک بارانی بەهار بەسەرما باری
خەم دەبینی
لە هەمان ئەکشن و حاەی عیسادا
لەو دەمەی بە سوکایەتییەوە دەیانبرد
بە لە خاچدان
برادەرەکانی خەیان شاردەوە و
حاشایان لە ناسینی کرد
ئاه عیسای هاوەم
من جگە لە تە
لە مریەمی مەجدەلیش دەچم
تە لە کوەی پەیان بەەی
کەتان فریشتەیە

یەکەم بەرد ئەو تەی بگرێت؟
ئەو ئانەی کەوتەبەر بەردبارانی
رەویینە خوێیەکانی سیاسەت
بە تەنیا دەگریام
هەموو پەدەکەنین
بە تەنیا مامەوە
هەموو رەشتن
بە تەنیا ئازارم دەچێشت
هەموو رووبان وەرگێڕا
ئەو دەمەی لەژێر ئەو شاخە بەردینەدا
وەک سەگێکی تەپیو پلیشابوومەوە
کەس نەیدەوێرا
خەی لە قەرەم بدات
تەنها ژنەک نەبێت
لە کونی کلیلی دەوە
تەماشای دەکردم و
هەندە بە دەسەات بوو
تەنها فرمێسکی بەسەرما دەچێڕا و
وەک بەورەکی زامدار
تینوویتیم پەی دەشکا
هەموو رەشتن
هەموو بەدەنگ بوون
رێتان دا، تاژیەکانی حزب
وەک سیخوڕەکی بەدفەسا
بمخەنە قەفەزی تەمەتەوە
بەڵێ، حاشا ناکەم
سیخوڕیم دەکرد
بەسەر دەریاوە بە مانگ
سیخوڕی بەهەشتنشینان بووم لە دەزەخ
سیخوڕی ژیان بووم بەسەر مەرگەوە
ئەوە هەر تەنەگەیشتن
دەخەشم بەوەی لەم تەناگەن
کاری من لەوەدا تەواو دەبێت
لە من حاڵی ببن
ئەوە بە ئەوەی لەم تێبگەن
دەبێت فامی ئەوە بکەن
ئەو وەختەی نەفرەتتان لەکردم

هەموو قاقا و قریوەتان دەهات
من غەرقی ئەسرین بووم
تەنیای ئەو فرمێسکە تیمساحیەتان
لەکردەوە لە ئانی کاتنکەدا
وەک ریایی رشتان
هیچتان بیرتان لەو گریان هەقیقیە نەکردەوە
سەرئەنجامی کاتنکەی کرد کەمیدیا و
منی تەدا قەشمەر بووم
هەموتان، بەبێ یەک بە یەکتان
دەرزی لە زمانتاندا بوو
میزەڵانی دنیا خەیاڵییەکەمتان تەقاند
ماڵێ وەهمییەکەمتان رووخاند
کە ئارەزووی دوا بەیەکتان بوو بەنە ناوی
ئەوە هیچ کات لە من تێناگەن
هەروەک ئەوەی کتێبەکانم
بە خەتی هەرەگلیفی نوسرا بن و
بە زمانی خەیاڵکانی ئەمازەن بدوێن
کەس کەستان حاڵی نابن
هەمیشە وا خەتان نیشان دەدەن
شەتەکانتان وەک مرۆڤی رەح سوک
تا ئەوپەڕی خەش دەوەن
ئەی چەن شەرم ناکەن
لەسەر شەتییەکانم
کە لە حیکمەتەکانی ئەوە جوانترن
سزاتان دام و
لە مەبەندی خەتاندا دەرتانکردم؟
ئەوە هەشتا نازانن
پەش ئەوەی ئەوە تۆم بدەن
وەک خواردنەکی پیسی ناو گەدەم
لە رشانەوەیەکدا فڕێمداون
ئەوە لە کتێب تێناگەن
خوێندەواریتان ئەوەندەیە
مژووی میرە جەلادەکان بخوێننەوە
عەقڵتان هەر ئەوەندە بە دەکات
کتێبەکانم وەک زوخاوەک ببینن
پیاوەکی سیکەپات
پیاوەک لە ئاگری قورەت

کردوویتە ڕەبەری نەزعە شەنگەزەکانی
نا وانییە
ئەو دەبێت
لە نەو دەقەکاندا بمدەزنەوە
لە شەربەتی کتبدا تامم بکەن
لە ژەر ساباتی شیعردا بمبینن
هەرگیز ناتوانن بگەنە من
ناتوانن تەزی درێ
لەسەر فەتە راستەقینەکەم بسەنەوە
ناتوانن ئەو گەردانە لابەن
وەک تەمەکی ڕەش
ناوبانگی منیان داپۆشیوە
ئەوە هەرگیز لە من تێناگەن
منیش توانای تێگەیاندنی کەسم نییە
ئەو بەشاییە بە هەمیشە
لە نەوان من و ئەودا دەمەنتەوە
هەرگیز نە بە خەم
نە بە هیچ کەسی تر پە ناکرێتەوە
ئای لە بەشایی

ب
ە
ش
ا
ی
ی

---

*ڕەنگە ئەم تێکستە هیچ کاتێک نەبێتە شیعر، کەچی تواناییەوەیەتی ئازارەکانی من لە خە بگرێت و مانیفێستیان بکات. ئەم دەقە حکایەتێک دەگێڕێتەوە بە ژیانی تاڵی منەوە نووساوە، شەڕە لەگەڵ ئەو مەتەکە بە حەیایەی سواری سەری خۆنە ئاڵەکانم دەبەت. ژنەکان لەڕدا ئاماژەیە بە دەستەیەک ژن لە جیهانی ریالیتیدا کە بەریەککەوتن و ناسینم لەگەڵیاندا هەبووە، هەموو ئەوانە لە بوونەوەرەکی ناسکەوە

بەهەی هەڵبژاردەکەی ساکاری منەوە بووەن بە مەردزمە و جەلادی ڕەحی پەروانەییم.

17-7-2019
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیەنی نەرەلەگی
تێبینی: ئەم قەسیدەیە لە دیوانی "سەناتای خەشوێستی" لە ساڵی 2020 چاپکراوە.

نیگای پەنجە.. ئیلهام مورادی

بە هەوایەتی کام ئایەت دەستنوژ ئەشەی

لە کەنەشی کام خودا ئەگەیتەوە

کە بەرماڵکەت لە قەوارەیەکی درەزنا

یاخیە لە دەعا…؟

چرکە ژانی کام شەرم،

چرکەساتی کام خەیاڵ,

هەست بە خاڵیبوونت ئەکا پە تاوان…؟

لە نیگای کام پەنجەرەوە هەوانیت

ئەڤین چرە ناکا …؟

سفرە ئەژنەی شکاوە بە نان

پارە بەرگەی هەناسەیەک ناگرە

ئاژاوەگێری ئاسایی

شەە هەنگدانەوەی گوناحە

یەخە بە یەخە

سنە

ئیلهام مورادی

پیاوێ مایستری دڵی منێ.. دڵکۆش قادر

پیاوێک مایستری دڵی منێ
پیاوێ بێ هەموو وجوودییەوە
خەونم دەدزێ و
شەتانێ مەستم دەکات
شەتانێ ئالوودەی خەیاڵی خەیم دەکات.
پیاوێ زامانێ لێ دوای باران
شەبەنکی چاوی
گەرمی هەناسەی
قژی ئاسکاوم شانێ دەکات.
من و تۆ لێ پێکەک پێکەنین و
میلدییەکی مەردان* ئاوێتە…
من و تۆ
لێ مەرکانەی ئاوازێ و
جوانی مەخکبەندان و
بەنی قەنەفێ
شەتبوون تا ئاوودەبوون، تا توانەوە
تا گەیشتنێ ماڵی چێژ.
پیاوێک ماستری خەیاڵ و
جووتێ شەمامەی باخچەیکی بەناز و
ئارەقی هەگەفینی ئەو چاوانەیە تا گەیشتن بە دواهەمین تاریکی شەو
پیاوێک نەناسراوانێ و شەتانێ
منی ئاوێزان کرد.
ئەی جونتر لێ باخچەکانی عەددەن ئاشتم کەوێ و

ڕاپەڕینەکت لە نێو دڵی منا هەڵگیرساندووە و
دەروازیەکت چەکردووە بەناوی ئازادی و
وەاتەکت لە سەر سینەی من نەخشاندووە بەناو وەک دڵی نوێسکی وەک
پیاوە خەیاڵتر لە تیشکی هەتاو
پیاوە مایستری خەیاڵی منە.

سلێمانیی
دڵکۆش قادر

*عەلی مەردان

ئێوارانێ ٢٧.. سەردار جاف

ئێوارێیە و بە ئەقڵي دارداری کردووە
بە دەم هەنسک و وێنەوزی ڕەوە
برسێتیم دەچنیێوە
خە دەسکێنە دەکەم بوو
لە سەراغی ڕابردووما،
نوقمی خەیاڵێ پوچەکان بووم
لە نێو بەیبوون و باغێ ئاڵسکاوم
کچی دەکە زی دەچێتە پەم
جاوە شەهلاییەکە جار و بار یاغی و ئاڵسکاو
من هەر لە چیمەن دووریناوەم
دایکم چرا قوتیلەکەی بەر پەنجەرەکەی فڕدا
بە دووی ڕەشناییەک عەوداڵ بووم
نغرەی سەرابێ بووم و لە خود تێنەدەگەیشتم
نازانم تای چ دەردەکی دەم گرتبوو
پەم وابێ ئیشق بوو
کڤیدی شەیدایی ساتەکانمی شێن و کەوی دەکرد
بە دووی ئەو یەقینەوە بووم کە نەنکم بە دەنگڤ پە حەسرەتەکەی
بەی دەگڕاینەوە
دەمهاوارێ گوڵی
درێژەی پێبدا

دێگوو وریابە یەقین دە و مەمکەکانی یار دەبێتەوە
لەوەوە درەکانیان جا دەدرێ
بە دەم برستی ئەوی رۆژگارەوە
ئەو پەتایە لە پەلوپۆی خستبووم
ژمارە دیارەکەی گوشیەکەم و
عەتری سەر پێناوەکان و
سووتانی لاپتۆپەکە و
قرچەقرجی قامکەکانم بە بای گێوە
زۆر بە عەقڵی دیکەم نواند
سبەینێ تەمەن لەو تخوبەوە دەست پێدەکاتەوە
ئوس) و (ئس) و (ڤێتەرس)و (چەمە) بەناونیشان)
دەبێتە جێ تراتێنی هێپێکە
وەختێ کافە رەسکەم لە دەبێتەوە خووری
دایکم وەک ئەمە گوێی لێ نەنکم نەدەگرت
هەمووی لێ بڕ کرد بوو
وێس ببوو
شەوانیش ، بە ترسی ئەو شەولەبانە سوورە دەیخەواندین
ئەمەیش و دایکیشم لێی تەقی بووین
نەبا بێتەوە
مەمکم نەبوو بیخوا
ئەو کاتیش لە مەمکی خوشکەکانم دەترسام
ئەستایش مەمکەکانی ئەو دیوی تخوب
یەژن شەو لەبانە سوورەکە دێتەوە
ئەمجارە دەبمە پەرژین بە دەوری یار
با من بخوا و ئەو بە وەی بە
نەبا ئەو بێ بە کەسم
نەتزانیوە هەر من هەموو کەسم
ئاشقتم و خەشم دەوێ خەشەویسترین کەسم

٢٠٢٣ / ٤ / ٦
ئیمانیا

بیروبۆچوونی فەقێیەکی گوماڵ-56-.. شەماڵ بارەوانی

بەشی(٥٦).

با ئێو تازە فەقێیانە، فێندەمێنتالیست و تووندڕەو دڕنەچن!

نموونەکی تری خۆش هەیە بەتانی بگەڕێمەوە، هەر لەو حوجرەی مزگەوتی حاجی بەدرییە، بە حوکمی ئەوەی من دەیان جار ڕۆژنامە و گۆڤارم دەخوێندەوە، کاکە یوسفێک هەبوو، خەڵکی گەڵێک بوو و ئەهلی مزگەوت و جەماعەت بوو. پیاوێکی زۆر هەمن و بەڕێزبوو، لە فەرمانگەیەک فەرمانبەر بوو، هەفتانە هەموو ئێو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە بەیان دەهات، دواترئێو بەمنی دەهێنان. خۆشم هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی ترم لەبازاڕ بەرچاو کەوتبوایە، دەمکڕین.

لە نموونەی: گۆڵان، هاوڵاتی، ئاوێنە، هەوڵێر پۆست، برایەتی، لڤین، باس نیوز، وشە، چرپە، هەنیا، میدیا...تاد.

من هەمان شێوەی موتاڵای کتێب، زۆرم حەز لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارکانیش دەکرد. هەرچی هەواڵی هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوایە، دەمخوێندەوە. دواتر دەمانکردن بە خوانی نانخواردن.

جا هەندێک فەقێمان لێگەڕ بوون، تازە فەقێبوون، من و فەقێیەکی تریش لە کەڵەژی شەریعەبووین، کە ئێستا مەلایە، لە دەڤەری ئاکرێ و ئێو ناوە.

دەمانگوت: با ئێو تازەفەقێیانە، مەشک وشک و فێندەمێنتالیست و داخراو و تووندڕەو دڕنەچن، هەرچی وێنەی ژنە هونەرمەند و گۆرانیبێژ و ئێکتەری تورکی و عەرەبی و بیانی بوو، وێنەی هەرچی ژنە وەرزشوانە جیهانییەکانی سەر ڕۆژنامە و گۆڤارکان هەبوو، کە بە قەناعەتی ئێوکاتی ئێمە، وێنەی نیمچە سێکسی و وروژێنەر بوون، دەمانکردن بە خوان، دەمانگوت با فەقێکان لەکاتی نانخواردن بەرچاویان بکەوێت و بە دڵی خۆیان سەیری کەن و کاریگەریان لەسەر دروست بکات.

هاهاها ئینجا دەمان دا قاقا. چەندین جار ئێوکارەمان لە حوجرە، دووبارەکردەوە.